بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

میراتی باپیر لەگەل خوشك وبرای مردووەکە

مقاسمە

مانای موقاسەمە:- لە زاراوەی ئەهلی ئەم زانستە مقاسمە بریتی یە لە بەشداری کردنی خوشك و برای مردووەکە لە داك و باب یان تەنها لەباب لەگەل باپیری مردووەکە واتە لە وەرگرتنی میرات باپیر وەکو برا بەش وەردەگری بەرامبەر بە خوشکی مردوەکە واتە تەنها لە بەشە میراتەکەی حوکمی برای هەیە واتە للذکر مثل حظ الانثیین ،

خۆ بە دوور گرتن و خۆپاراستنی صحابەکان وزاناکان لە میراتی باپیر واتە هەتا پییان کراوە خۆیان لە میراتی باپیر نەداوە لەبەر زۆری کیشەو جیاوازی :-

عوبەیدەی سەلمانی فەرمویەتی : کۆبونەوەیەك ئەنجامدرا تاوەکو بریاریك بدەن لەسەر دیاری کردنی بەشی باپیر لەناکاو مارێك لە بانی ژوورەکە کەوتە خوارەوە و دانیشتنەکە پەرت بلاوەیان کرد هەریەك بەلایەکدا رۆیشتن ئیمامی عومەر فەرمووی خوای تعالی نایەویت ئیوە کۆ ببنەوە لەسەر بابەتی باپیر لەسەر هیچ بریاریك .

وە کاتێك ئیمامی عومەر بریندار کرا و زانی لە دواساتەکانی ژیانیەتی و لە دونیا کۆچ دەکات فەرموی ((ئێوە شاهێدبن هیچ بریارو قسەم نیە لە مەسەلەی باپیر وە لە – کلالە – وە کەسیشم لە شوینی خۆم دانەناوە)) وە ئیمامی عەلی رەزای خوای لەسەربێ فەرمویەتی ((ئەو کەسەی دەیەوێت بچێتە ناو دۆزەخەوە با بریار بۆ باپیر بدات)) وە کاتێك پرسیاریان لە شەعبی دەکرد لە میرات دەیفەرموو پرسیارەکەت بکە ئەگەر باپیری تێدا نەبی خوا نەیژینێ .

پرسیار :- ئایا موقاسەمەی باپیر لەگەل خوشك وبرا رێکەوت و ئیجماعی زانایان بووە ؟

وەلام : نەخیر بەلکو دوو کۆمەل بوون ، رازی و نارازی .

١- ئەوانەی رازی نین بە موقاسەمەو رێگری لێ دەکەن :- لە صحابەکان :-

{ ابوبكر الصديق – ابن عباس – ابن الزبير – ابو موسى الاشعري – عائشة – ابي بن كعب – عمران بن الحصين – ابو الدرداء – معاذ بن جبل } رضي الله عنهم ، وە لە تابعینەکان :

{ عروة بن الزبير – شريح – عطاء – عمر بن عبدالعزيز – حسن – ابن سيرين – عبدالله بن عتبة } رحمهم الله.

وە هەروەها قەولی ئەبو حەنیفە رەحمەتی خوای لەسەربی : طحاوی فەرمویەتی بە بریاری ئەبو حەنیفە كە باپیر وەكو باب وایە خوشك و برای مردوەكە بیبەش دەكات جا لە داك وباب یان لەباب یان لەداك بێ.

بەلگەی ئەوانەی بە مقاسمە رازی نینە :-

خزمایەتی باپیر وەكو باب وایە وە باپیر تەنها بە بابی مردوەكە بیبەش دەبی بەلام خوشك وبرای مردوەكە بە باب و منال و نەوەی مردوەكە بیبەش دەبن ، باپیر باوكە هەروەك قورئان دەلالەتی لەسەر كردووە وە لە زۆر حوكم دا باپیر وەكو باب رەفتاری لەگەل دەكرێ كەواتە باشتر وایە باپیر هەمان حوكمی باوكی هەبیت لەكاتی نەمانی باوك واتە هەمان دەسەلاتی باوكی پی بدری و خوشك وبرای مردوەكە بیبەش بكات وە لە ابن عباس گواستراوەتەوە فەرمویەتی { بۆ زەید تەقوای خوا ناكا ! كوری كوری بە كور داناوە بەلام بابی باب بە باب دانانێ؟}

٢- ئەوانەی كە رێگایان داوە مقاسمە :-

لە صحابەكان { علي كوری ابو طالب – ابن مسعود – زە یدی كوری ثابت } رەزای خوا لەسەریان بێ وە لە تابعینەكان { سوفیانی ثوري – ابو یوسف ومحمد لە قوتابیانی ابو حنیفە – ئیمامی مالك – ئیمامی شافعی } رەحمەتی خوا لەسەریان بێ .

بەلگەی ئەوانەی دەلێن موقاسمە دروستە :-

لە مالك گێردراوەتەوە لە یەحیا كوری سعید كە پێی گەیشتوە كە موعاویەی كوری ئەبو سوفیان نامەیەكی نوسی بۆ زەیدی كوری ثابت رەزای خوا لەسەریان بێ پرسیار لە میراتی باپیر دەكات زەید لەوەلامدا نوسی : تۆ نامەت ناردوە پرسیار لە میراتی باپیر دەكەی والله اعلم ئەمە كەس حوكمی پێ نەدەدا تەنها ئەمیرەكان واتە خەلیفەكان بریاریان لەسەر دەدا منیش ئامادەی دانیشتنی هەردوو خەلیفە بووم پیشی تۆ : نیوەیان داوە بە باپیر ئەگەر مردوەكە دوو برای هەبا وە ئەگەر ژمارەی براكان گەیشتبا سێ برا یان زیاتر ئەوە بۆ باپیرەكە لە سێیەك كەمتر نەبوو ((موطأ ج٢-٥١٠)) قوبەیصەی كوری ئەبو ذؤیب گوتویەتی كە عومەری كوری خەتتاب ئەو بەشەی داوە بە باپیر كە ئیستا خەلك دەیدا بە باپیر ((موطأ ج٢-٥١١)) .سەلمانی كوری یەسار فەرمویەتی : عومەری كوری خەتتاب و عوسمانی كوری عەفان و زیدی كوری پابت سێیەكیان داوە بە باپیر لەكاتی هەبونی برای مردووەكە . هەروەها بەلگەیكی تر: باپیر و برا لە نزیك بونەوە لە مردوەكە لە یەك پلە دان واتە باپیر كە خزمی مردوەكەیە بەهۆی بابی مردوەكەیە وە خوشك و برا لەداك وباب و لەباب بەهەمان شێوە خزمایەتیان بەهۆی باوكی مردوەكەیە ، كەواتە بەبۆچونی ئەم كۆمەلەیە : باپیر لە شوینی باوكە لە میرات كاتیك مردوەكە منالی یان نەوەی هەبی هەروەها خوشك و برا لەداك بەهەبونی باب بیبەش دەبن بەهەمان شیوە بەهەبونی باپیر خوشك و برایانی لە داك بیبەش دەبن بەلام باپیر ناتوانی خوشك وبرایانی لە داك وباب یان تەنها لەباب بیبەش بكات .

بەناوبانگترینی مەزهەب لە دروستی مقاسمە :- بریتی یە لە مەزهەبی پیشەوا عەلی كوری ئەبو تالیب وە عبدالله كوری مسعود وە زەید كوری ثابت وە زاناكانیش لەم سێ بۆچونەدا مەزهەبی زەیدی كوری ثابتیان هەلبژاردوە ، زانای بەناوبانگ سەرخەسی لە كتابی المبسوط فەرمویەتی : سوفیانی ثەوری و ئەبو یوسف و محمد لە حەنەفیەكان مەزهەبی زەیدیان هەلبژاردوە وفەتوا لەسەر ئەو مەزهەبەیە .وە ئیمامی شافعی لە كتابی – الام – لە باسی المقاسمە فەرمویەتی موقاسمە قسەی زەیدی كوری ثابتە وە زۆری بابەتی میراتمان لە ئەو قبول كردووە .

مەزهەبی پیشەوا عەلی كوری ئەبو تالیب { رەزای خوای لەسەربێ } :-

مەسئەلەكانی ئەم مەزهەبە بەم شێوەیەیە :-

١- باپیر دەبێ زۆرترین بەشی هەبی لەم دووانە : مقاسمە – شەش یەك .

٢- جیاوازی نیە لە مەسئەلە خاوەن بەش – فەرز – هەبێ یان نەبێ .

٣- باپیر لە مقاسمە وەكو برا وایە واتە بەرامبەر بە خوشكی مردوەكە {للذكر مثل حظ الانثیین }

٤- بەشی باپیر بە هیچ شێوەیەك لە كاتی مقاسمە نابێ لە شەش یەك كەمتری هەبێ .

٥- خوشك وبرای مردووەكە لەباب لەگەل برا لەداك وباب باپیریان لەگەل دا بێ خوشك وبرا لە باب لەسەر باپیر حیساب دەكرێ واتە هەر لەسەرەتاوە خوشك و برایانی لەباب بیبەش نابن بە برا لە داك وباب بەلكو كاتیك باپیر بەشی خۆی برد ئینجا بەشی خۆیان دەدەنەوە برایانی لە داك وباب .

٦- باپیر نابێ بە عصبە لەگەل خوشكانی مردوو كە برایان نەبێ بەلكو خوشكەكان بەشی دیاری كراوی خۆیان دەبێ

٧- ئەگەر لە مەسئەلەی باپیر كچ یان كچی كور هەبی ئەوا بەشی خۆیان وەردەگرن وباپیریش بەشی خۆی دەباو ماوەكەش بۆ خۆشك وبرای مردووەكە دەبێ بە عصبە.

شی كردنەوەی مەسەلەكانی مەزهەبی پێشەوا عەلی رەزای خوای لەسەر بێ بە درێژی :-

مەسئەلەی یەكەم:- باپیر دەبی زۆرترین بەشی هەبێ لەم دوانە { مقاسمە – شەش یەك } :-

ئەم مەسئەلە سێ حالەتە :-

أ- مقاسمە باشتر بێ لەشەش یەك .

ب- موقاسمەمەو شەش یەك وەكو یەك بێت.

ج- شەش یەك باشتر بی لە مقاسمە .

حالەتی یەكەم : مقاسمە باشتر بێ لە شەش یەك : لەمانە پێك دێت:

١- باپیر و یەك برا   مەسەلە لە (٢)

٢- باپیر – برا – خوشك مەسەلە لە (٥)

٣- باپیر – ١ برا – ٢ خوشك   مەسەلە لە (٦) یان (٣)

٤- باپیر – ٢برا – ١خوشك   مەسەلە لە (٧)

٥- باپیر – ٣ برا   مەسەلە لە (٤)

٦- باپیر – ٣ برا – ١ خوشك   مەسەلە لە (٩)

حالەتی دووەم:- مقاسمە و شەش یەك وەكو یەك بن بۆ باپیر :-

نمونە :

١- باپیر – ٤برا – ٢ خوشك

بە شەش یەك : باپیر شەش یەكی پی دەدری و ماوە بۆ خوشك وبراكان واتە ئەصلی مەسئەلە لە ٦ یەك بەش بۆ باپیر و ماوە ٥ بەش بۆ خوشك وبراكان بەلام لەبەر ئەوەی ٥ دابەشی سەر بەشی خوشك وبراكان ناكات كە ژمارەیان دەكاتە (١٠) چونكە هەربرای بە دوو خوشك ئەژمار دەكرێ ئینجا لە نیوان ژمارەی خوشك وبراكان (١٠) لەگەل بەشەكانیان (٥) توافق بە پینج یەكە واتە پینج یەكی ١٠ دەكاتە ٢ جارانی مەسئەلەو بەشەكان مەسئەلە تصحیح دەبی لە ١٢ بۆ باپیر ٢بەش و هەر برای ٢ بەش و هەر خوشكی ١ بەش

باپیر	٤برا	٢خوشك	مەسئەلە	تصحیح
١/٦	ماوە للذكر مثل حظ الانثیین		٦	٢×٦
٢×١	٥×٢=١٠			١٢
٢	٨	٢		

هەمان مەسئەلە بە مقاسمە :هەمان ئەنجامی شەش یەكە واتە شەش یەك و مقاسمە وەكو یەكن

باپیر	٤برا	٢خوشك	مەسئەلە	تصحیح
مقاسمة			١٢	
٢	٨	٢		

٢- باپیر — ٥برا

بە شەش یەك :

باپیر	٥برا	مەسئەلە
١/٦	ماوە بە عصبە	٦
١	٥	

هەمان مەسئەلە بە مقاسمە :

باپیر	٥برا					مەسئەلە
مقاسمـــــــــــە						٦
١	١	١	١	١	١	

حالەتی سێیەم:- شەش یەك باشترە لە مقاسمە :-

نمونە :-

١- باپیر —٦ برا یان زیاتر :

بە شەش یەك : بپیر زیاتری هەیە چونكە ٦ بەشی هەیە بەلام هەر برای ٥ بەشی هەیە

باپیر	٦برا	مەسئەلە	تصحیح
١/٦	ماوە بە عصبە	٦	٦×٦
١×٦=٦	٥×٦=٣٠		٣٦

هەمان پرسیار بە مقاسمە: لەم مقاسمە باپیر زەرەر مەندە بۆیە شەش یەك باشترە

باپیر	٦برا						مەسئەلە	تصحیح
مقاسمـــــــــــە							٧	
١	١	١	١	١	١	١		

٢- باپیر – خوشك – ٥برا

به شەشه یەك :باپیر ١١ بەش و هەر برای ١٠ بەش و خوشكەكه ٥ بەش

باپیر	خوشك	٥برا	مەسئەله	تصحیح
١/٦	ماوه للذكر مثل حظ الانثیین		٦	٦×١١
١×١١	٥×١١=55			٦٦
١١	٥	٥٠		

هەمان مەسئەله به مقاسمه : واته باپیریش وەكو براكان ٢ بەشی هەیه كەواته شەش یەك باشترە له مقاسمه

باپیر	خوشك	٥برا	مەسئەله	تصحیح
مــــقاســــــــــــمــــــــــــه			١٣	
٢	١	١٠		

مەسئەلەی دووەمی پێشەوا عەلی كوری ئەبو تالیب :- { جیاوازی نیه له مەسئەله خاوەن بەش هەبێ یان نەبێ }

واتەباپیر تەنها دوو بەشی هەیه یان شەش یەك وەیان مقاسمەجا جیاوازی نیه له مەسەلەدا خاوەن بەشی دیاری كراو هەبی یان نەبێ هەتا ئیستا ئەو نمونانەی باس كراون هیچ كامیان خاوەن بەشی دیاری كراویان لەگەلدا نەبوە ئەمجارەیان هەندی نمونه باس دەكەین كه خاوەن بەشی دیاری كراویان لەگەلدا بیت واته ((میرد – ژن – داك – داپیر)) لەگەل باپیر بونی هەبێ :

ئەگەر لەمەسەلەی باپیر خاوەن بەشی دیاری كراو ((مێرد)) هەبێ : دیاره كه میردی مردوەكه دوحالەتی هەیه وەك له قورئان باس كراوه یان نیوەی میرات وه یان چواریەكی میرات هەریەكەو بەمەرجی خۆی وه منال و نەوەی میراتگری مردوەكەش یان نیره خوشك وبرای مردوەكه بیبەش دەكات كه ئەمه باسی ئیمه نیه ، وەیان منال و نەوەی مردوەكه مێینەن ئەمەش له شوین و باسی خۆی ئاماژەی بۆدەكەین ان شاء الله تعالی ، واته به كورتی باس له هەبونی باپیر و مێرد و خوشك وبرا دەكەین .

نمونە :-

١- مێرد –باپیر – ١ برا لە داك وباب

بە مقاسمە :باپیر و برا وەكو یەكن كەواتە بۆ باپیر باشترە بە موقاسەمە بیت

مێرد	باپیر	برا لە داك وباب	مەسئەلە	تصحیح
١/٢	ماوە بە موقاسەمە		٢	٢×٢
٢×١	٢×١			٤
٢	١	١		

هەمان نمونە بە شەش یەك : بۆ باپیر زەرەرە چونكە لە برا كەمتری هەیە كەواتە موقاسمە باشترە

میرد	باپیر	برا لەداك وباب	مەسئەلە
١/٢	١/٦	ماوە بە ع	٦
٣	١	٢	

٢- میرد – باپیر – ٢ برا لەداك وباب { لەم نمونەدا موقاسەمەو شەش یەك وەكو یەكن بۆ باپیر

بە مقاسمە

مێرد	باپیر	٢برا لە داك وباب	مەسئەلە	تصحیح
١/٢	ماوە بە موقاسەمە		٢	٣×٢
٣×١	٣×١			٦
٣	١	٢		

هەمان نمونە بە شەش یەك :

میرد	باپیر	٢برا لەداك وباب	مەسئەلە
١/٢	١/٦	ماوە بە ع	٦
٣	١	٢	

٣- مێرد- باپیر – ٣ برا لە داك و باب

بە مقاسمە :باپیر زەرەریەتی کەواتە شەش یەك باشترە .

مێرد	باپیر	٣برا لە داك وباب	مەسئەلە	تصحیح
١/٢	ماوە بە موقاسەمە		٢	٤×٢
٤×١	٤×١			٨
٤	١	٣		

بەشەش یەك :- قازانجی زیاترە بۆ باپیر لە مقاسمە

میرد	باپیر	٣برا لەداك وباب	مەسئەلە	تصحیح
١/٢	١/٦	ماوە بە ع	٦	٣×٦
٩=٣×٣	٣=٣×١	٦=٣×٢		١٨

٤- مێرد – داك – باپیر – برا لە داك وباب

بە مقاسمە :زەرەریەتی بەلکو شەش یەك باشترە .

میرد	داك	باپیر	برا لە داك وباب	مەسئەلە	تصحیح
١/٢	١/٣	مـــقاســــــــــمــــــــــە		٦	٢×٦
٢×٣	٢×٢	٢×١			١٢
٦	٤	١	١		

هەمان نمونە بە شەش یەك : باپیر بە ١/٦ قازانجیەتی بە موقاسمە زەرەرە.

میرد	داك	باپیر	برا لە داك وباب	مەسئەلە
١/٢	١/٣	١/٦	ماوە بە ع	٦
٣	٢	١	٠	

٥- مێرد- داك – باپیر – ٢ برا :-

به مقاسمه :- زیانی هەیه بۆ باپیر

میرد	داك	باپیر	٢برا له داك وباب	مەسئەلە	تصحيح
١/٢	١/٦	مقاسمه		٦	٣×٦
٣×٣	٣×١	٣×٢			١٨
٩	٣	٢	٤		

هەمان نمونه به ١/٦ :- باشتره بۆ باپیر

میرد	داك	باپیر	٢برا له داك وباب	مەسئەلە	تصحيح
١/٢	١/٦	١/٦	ماوه به ع	٦	٢×٦
٦=٢×٣	٢=٢×١	٢=٢×١	٢=٢×١		١٢

<u>ئەگەر لەمەسەلەی باپیر خاوەن بەشی دیاری كراو ((ژن)) هەبێ :-</u>

١- ژن – باپیر – ١برا له داك وباب

به مقاسمه :

به مقاسمه :باپیر و برا وەكو یەكن كەواته بۆ باپیر باشتره به موقاسەمه بیت

ژن	باپیر	برا له داك وباب	مەسئەلە	تصحيح
١/٤	ماوه به موقاسەمه		٤	٢×٤
٢×١	٢×٣			٨
٢	٣	٣		

هەمان نمونه به شەش یەك : بۆ باپیر زەرەره چونكه له برا كەمتری هەیه كەواته موقاسمه باشتره

ژن	باپیر	برا لەداك وباب	مەسئەلە
١/٤	١/٦	ماوه به ع	١٢
٣	٢	٧	

٢- ژن – باپیر – ٢برا لە داك وباب :

بە مقاسمە :

بە مقاسمە :باپیر و برا وەکو یەکن کەواتە بۆ باپیر باشترە بە موقاسەمە بیت

ژن	باپیر	٢برا لە داك وباب	مەسئەلە
١/٤	ماوە بە موقاسەمە		٤
١	١	٢	

هەمان نمونە بە شەش یەك : بۆ باپیر زەرەرە چونکە لە برا کەمترى هەیە کەواتە موقاسمە باشترە

ژن	باپیر	٢برا لەداك وباب	مەسئەلە	تصحیح
١/٤	١/٦	ماوە بە ع	١٢	٢×١٢
٣×٢=٦	٢×٢=٤	٧×٢=١٤		٢٤

٣- ژن – باپیر – ٣برا

بە مقاسمە :

بە مقاسمە :باپیر و برا وەکو یەکن کەواتە بۆ باپیر باشترە بە موقاسەمە بیت

ژن	باپیر	٣برا لە داك وباب	مەسئەلە	تصحیح
١/٤	ماوە بە موقاسەمە		٤	٤×٤
١×٤=٤	٣	٩		١٦

هەمان نمونە بە شەش یەك : بۆ باپیر زەرەرە چونکە لە برا کەمترى هەیە کەواتە موقاسمە باشترە

ژن	باپیر	٣برا لەداك وباب	مەسئەلە	تصحیح
١/٤	١/٦	ماوە بە ع	١٢	٣×١٢
٣×٣=٩	٢×٣=٦	٧×٣=٢١		٣٦

٤- ژن – باپیر – ٤ برا

به مقاسمه :

به مقاسمه : بۆ باپیر کەمترە

ژن	باپیر	٤برا له داك وباب	مەسئەلە	تصحيح
١/٤	ماوه به موقاسەمه		٤	٥×٤
٥=٥×١	٣	١٢		٢٠

هەمان نمونه به شەش یەك : بۆ باپیر باشترە

ژن	باپیر	٤برا لەداك وباب	مەسئەلە	تصحيح
١/٤	١/٦	ماوه به ع	١٢	٤×١٢
١٢=٤×٣	٨=٤×٢	٢٨=٤×٧		٤٨

٥- ژن – داك- باپیر – ١ برا

به مقاسمه :باشترە بۆ باپیر

ژن	داك	باپیر	برا له داك وباب	مەسئەلە	تصحيح
١/٤	١/٣	مـــقاســـــــمـــــه		١٢	٢×١٢
٢×٣	٢×٤	٢×٥			٢٤
٦	٨	٥	٥		

هەمان نمونه به شەش یەك : زەرەرە بۆ باپیر

ژن	داك	باپیر	برا له داك وباب	مەسئەلە
١/٤	١/٣	١/٦	ماوه به ع	١٢
٣	٤	٢	٣	

٦- ژن – داپیر – باپیر – ٢ برا له داك وباب :

به مقاسمه :باشتره بۆ باپیر

ژن	داپیر	باپیر	٢برا له داك وباب	مەسئەله	تصحیح
١/٤	١/٦	مـــقاســـــــــمـــــــه		١٢	٣×١٢
٣×٣	٣×٢	٣×٧			٣٦
٩	٦	٧	١٤		

هەمان نمونه به شەش یەك : زەرەره بۆ باپیر

ژن	داپیر	باپیر	٢برا له داك وباب	مەسئەله	تصحیح
١/٤	١/٦	١/٦	ماوه به ع	١٢	٢×١٢
٦=٢×٣	٤=٢×٢	٤=٢×٢	١٠=٢×٥		٢٤

٧- ژن – داك – باپیر – ٣ برا له داك وباب :

به مقاسمه :زەرەره بۆ باپیر

ژن	داك	باپیر	٣برا له داك وباب	مەسئەله	تصحیح
١/٤	١/٦	مـــقاســـــــــمـــــــه		١٢	٤×١٢
٤×٣	٤×٢	٤×٧			٤٨
١٢	٨	٧	٢١		

هەمان نمونه به شەش یەك : قازانجه بۆ باپیر

ژن	داك	باپیر	٣برا له داك وباب	مەسئەله	تصحیح
١/٤	١/٦	١/٦	ماوه به ع	١٢	٣×١٢
٩=٣×٣	٦=٣×٢	٦=٣×٢	١٥=٣×٥		٣٦

مەسئەلەی سێیەمی پێشەوا عەلی رەزای خوای لەسەربی :- { باپیر له مقاسمه وەكو برا وایه واته بەرامبەر به خوشكی مردوەكه – للذكر مثل حظ الانثيین - .}واته ئەگەر هاتوو له مەسئەلەدا باپیر و دوو برا هەبون ئەوا ئەصلی مەسئەله له ٣ دەبێت وەك ئەوه وایه ٣ برابن یان باپیر و خوشك وبرا هەبی ئەوا ئەصلی مەسئەله له ٥ دەبیت وەك ئەوه وایه دوبراو خوشكیك بن.

نمونه :

١- باپیر – برا له داك و باب

باپیر	برا لەداك وباب	مەسئەلە
مقـــاســــــــمه		٢
١	١	

٢- باپیر – برا لەداك وباب – ٢ خوشك له داك وباب

باپیر	برا لەداك وباب	٢خوشك له داك وباب	مەسئەلە
مــــــقــــاســـــــمــــــــــه			٦
٢	٢	٢	

٣- ژن – باپیر – برا

ژن	باپیر	برا له داك وباب	مەسئەلە	تصحیح
١/٤	مـــقاســـمـــه		٤	
٢×١	٢×٣			٤×٢
٢	٣	٣		٨

مەسئەلەی چوارەمی پیشەوا عەلی کوری ئەبو تالیب رەزای خوای لیبێ:- { به هیچ شێوەیەك نابێ بەشی باپیر له ١/٦ ی میرات کەمتر بێت }

واته ئەگەر هاتوو له مقاسمه بەشی باپیر به موقاسمه له ١/٦ کەمتر بوو ئەوا موقاسەمه نامینی بەلکو شەش یەك بۆ باپیر تەواو دەکری جائەگەر ماوه بمینیتەوه بۆ برای مردوەکه دەبیت کەم یان زۆر وه ئەگەر هیچ نەماوه دوای بەشی باپیر ئەوا هیچیان بەرناکەوی وەکو عصبه .

نمونه :

١- باپیر – ٢ برا له داك وباب – ٢ خوشك له داك وباب :-

باپیر	٢برا له داك وباب	٢ خوشك له داك وباب	مەسئەلە
مـــــــــقـــاســـــــمــــــــه			٨
٢	٤	٢	

٢- داك – باپیر – ٤برا :-

داك	باپیر	٤برا لەداك وباب	مەسئەلە
١/٦	مـــــــــقاسمـــــــــه		٦
١	١	٤	

٣- مێرد – باپیر – ٢برا له داك وباب – ٢ خوشك له داك وباب :-

میرد	باپیر	٢برا لەداك وباب	٢خوشك له داك وباب	مەسئەلە	تصحیح
١/٢	١/٦	ماوه للذكر مثل حظ الانثيين		٦	٦×٦
٦×٣	٦×١	٦×٢			٣٦
١٨	٦	٨	٤		

<u>مەسئەلەی پێنجەمی پیشەوا عەلی كوری ئەبو تالیب رەزای خوای لەسەربی :-</u> { خوشك وبرای لەباب بیبەش دەبن بە خوشك و برای لە داك وباب لەمەسەلەی باپیر }

واتە ئەگەر هاتوو لەمەسەلەی باپیر هەردوو جۆر لەبرای لەداك و برای لەباب هەبی ئەوا هەموی لەسەر باپیر حیساب دەكری واتە كە باپیر بەشی دیاری كرا چەندە ئینجا برایانی لەباب بەشی خۆیان رەت دەكەنەوە بۆ برایانی لە داك وباب بۆ زیاتر رۆن كردنەوە ئەم هەنگاوانە ئەنجام بدە:

- ✓ لە رووی ژمارەوە برایانی لەباب حیساب دەكری لەگەل برایانی لە داك وباب وااتە لەسەرەتاوە بیبەش ناكرین تا باپیر بەشی دیاری دەكریت.
- ✓ ژمارەی سەری میراتگرەكان حیساب دەكری واتە : باپیر +برایانی لە داك وباب + برایانی لەباب
- ✓ میراتەكە دابەش دەكرێ بە گویرەی ژمارەی میرات گرەكان تاوەكو بەشی باپیر دیار بێت .
- ✓ كە باپیر بەشی خۆی وەرگرت برایانی لە باب بەشی خۆیان دەگەریتننەوە واتە دەیدەنەوە بە برایانی مردووەكە لە داك وباب واتە برایانی مردوەكە لە باب بیبەش دەبن.

ئەم بریارە كاری پی دەكری بەلای زەیدی كوری ثابت رەزای خوای لەسەربی بەلام پیشەوا عەلی و ابن مسعود رەزای خوا لەسەریان بێت بەم بریارە نارازین و كاری پی ناكەن بەلكو هەر لەسەرەتاوە برایانی لەباب بیبەش دەكەن

نمونە :

١- باپیر – ٢برا لە داك و باب – ٣ برا لە باب :

بە بریاری زەید :- ئەصلی مەسئەلەكە لە ٦ دەبیت واتە بە مقاسمە ئینجا كە باپیر بەشەكەی خۆی برد ٣براكەی لەباب ٣بەشی خۆیان دەدەنەوە ٢براكەی لە داك وباب دەبی بە ٥ بەش و برایانی لەباب بیبەش دەبن .

باپیر	٢برا له داك وباب	٣برا لەباب	مەسئەله
١	٥	×	٦

هەمان نمونه به بریاری پیشەوا عەلی و ابن مسعود : لەسەرەتاوه مەسئەله له ٣ و برایانی لەباب بیبەشن.

باپیر	٢برا له داك وباب	٣برا لەباب	مەسئەله
١	٢	×	٣

٢- میرد – باپیر –برا لەداك وباب – برا لەباب

به بریاری زەید:واته پاش تصحیح کردن باپیر و دوبراکه هەریەکی بەشیکیان هەیه ئینجا براکەی لەباب بەشی خۆی دەداتەوه برا له داك و باب خۆی بیبەش دەبی.

مێرد	باپیر	برا لەداك وباب	برا لەباب	مەسئەله
١/٢	ماوه به مـــــــقـــاســــــمـــــــــه			٣×٢
١×٣=٣	١	٢	×	٦

هەمان نمونه به بریاری پیشەوا عەلی رەزای خوای لەسەربێ:-

مێرد	باپیر	برا لەداك وباب	برا لەباب	مەسئەله
١/٢	مـــــــقـــاســــــمـــــــــه		×	٢×٢
١×٢=٢	١	١	×	٤

<u>مەسئەلەی شەشەمی پیشەوا عەلی کوری ئەبو تالیب رەزای خوای لەسەربێ:-</u> { باپیر نابێ به عصبه لەگەل خوشکانی مردوەکه بەلکو خوشکەکان بەشی دیاری کراوی خۆیان دەبەن و ماوه بۆ باپیر دەبێ به عصبه }واته ئەگەر مردوەکه یەك خوشك و باپیری هەبی ئەوا نیوەی خوشکەکەو ماوه بۆ باپیر به عصبه وه ئەگەر دوخوشك یان زیاتر بن ئەوا دوو سێیەك بۆ خوشکان و ماوه بۆ باپیر به عصبه . بەلام ئەگەر هاتوو ماوەی دوای خوشکان لەشەشه یەك کەمتر ماوه دەبی شەشه یەك بۆ باپیر تەواو بکری و مەسەلەکه عەول بکرێ: نمونه :

١- باپیر – ١خوشك له داك وباب

باپیر	١خوشك له داك وباب	مەسئەله
ماوه به ع	١/٢	٢
١	١	

٢- باپیر – ١خوشك له داك وباب – ١ خوشك لەباب

باپیر	١خوشك لەداك وباب	١ خوشك لەباب	مەسئەلە
ع	١/٢	١/٦	٦
٢	٣	١	

٣- باپیر – ٢خوشك له داك وباب – ١ خوشك لەباب

باپیر	٢خوشك لەداك وباب	١ خوشك لەباب	مەسئەلە
ع	٢/٣	×	٣
١	٢	×	

٤- باپیر – ٣خوشك له داك وباب

باپیر	٣خوشك له داك وباب	مەسئەلە
ماوە بە ع	٢/٣	٣×٣
١×٣=٣	٢×٣=٦	٩

٥- باپیر –میرد– ١ خوشك لەباب

باپیر	میرد	١ خوشك لەباب	مەسئەلە
١/٦	١/٢	١/٢	٦
١	٣	٣	عەول بۆ ٧

٦- میرد – داك- ١ خوشك – باپیر :

مێرد	داك	١خوشك	باپیر	مەسئەلە
١/٢	١/٣	١/٢	١/٦	٦
٣	٢	٣	١	عەول بۆ ٩

٧- میرد – داك- ٢ خوشك – باپیر :

مێرد	داك	٢خوشك	باپیر	مەسئەلە
١/٢	١/٦	٢/٣	١/٦	٦
٣	١	٤	١	عەول بۆ ٩

٨- میرد – داپیر - ١ خوشك – باپیر :

مێرد	داك	١خوشك	باپیر	مەسئەلە
١/٢	١/٦	١/٢	١/٦	٦
٣	١	٣	١	عەول بۆ ٨

٩- ژن – داپیر- ٣ خوشك لە داك وباب – باپیر :

ژن	داپیر	٣خوشك	باپیر	مەسئەلە
١/٤	١/٦	٢/٣	١/٦	١٢
٣	٢	٨	٢	عەول بۆ ١٥

١٠- باپیر –داك – ١ خوشك لەباب

باپیر	داك	١ خوشك لەباب	مەسئەلە
ع	١/٣	١/٢	٦
١	٢	٣	

١١- داك- خوشك لە داك وباب – خوشك لە باب – باپیر

داك	خوشك لە داك وباب	خوشك لە باب	باپیر	مەسئەلە
١/٦	١/٢	١/٦	ع	٦
١	٣	١	١	

١٢- داك- ٢خوشك لە داك وباب – خوشك لە باب – باپیر

داك	٢خوشك لە داك وباب	خوشك لە باب	باپیر	مەسئەلە
١/٦	٢/٣	×	ع	٦
١	٤	×	١	

١٣- باپیر –داپیر – ١ خوشك لەباب

باپیر	داپیر	١ خوشك لەباب	مەسئەلە
ع	١/٦	١/٢	٦
٢	١	٣	

مەسئەلەی حەوتەم و کۆتایی لە مەسئەلەکانی پیشەوا عەلی کوری ئەبو تالیب رەزای خوای لەسەر بە:- {ئەژەر لە مەسئەلەی باپیر دا کچ یان کچی کور هەبی لەگەل خوشك وبرا ئەوا باپیر و کچەکان یان کچانی کور نابن بە عصبە}

واته :

- **کچەکان بەشی خۆیان بەتەواوی وەردەگرن.**
- **باپیر بەشی خۆی وەردەگرێ.**
- **ئەگەر ماوە ماوە ئەوا بۆ خوشك وبراکانی مردوەکە دەبی بە عصبە .**

واته لەم حالەتەدا باپیر خاوەن بەشە نەوەك عصبە.

نمونه:-

١- کچ – باپیر – خوشك لە داك وباب

کچ	باپیر	خوشك لەداك وباب	مەسئەلە
١/٢	١/٦	ماوە بە ع مع الغیر	٦
٣	١	٢	

٢- کچ- کچی کور – باپیر – خوشك لە داك وباب

کچ	کچی کور	خوشك لەداك وباب	باپیر	مەسئەلە
١/٢	١/٦	ماوە ع مع الغیر	١/٦	٦
٣	١	١	١	

٣- ٢ کچی کور – باپیر – برا لە داك وباب – خوشك لە داك وباب

٢کچی کور	باپیر	برا لە داك وباب	خوشك لە داك وباب	مەسئەلە	تصحیح
٢/٣	١/٦	ماوە للذكر مثل حظ الانثیین		٦	
٣×٤	٣×١	٣×١			٣×٦
١٢	٣	٢	١		١٨

٤- مێرد- کچ – باپیر – خوشك لەداك وباب .

مێرد	کچ	باپیر	خوشك لە داك وباب	مەسئەلە
١/٤	١/٢	١/٦	ع	١٢
٣	٦	٢	١	

٥- مێرد- داك – کچ – باپیر – خوشك لە داك وباب – برا لەباب

مێرد	کچ	باپیر	خوشك لە داك وباب	برا لەباب	مەسئەلە
١/٤	١/٢	١/٦	ع مع الغیر	عصبە بالنفس	١٢
٣	٦	٢	١	٠	

٦- ژن – داك – کچ – باپیر – خوشك لە داك وباب – برا لە باب

ژن	داك	کچ	باپیر	خوشك لەداك وباب	برا لەباب	مەسئەلە
١/٨	١/٦	١/٢	١/٦	ع مع الغیر	عصبە بالنفس	٢٤
٣	٤	١٢	٤	١	٠	

٧- داك – باپیر – برا لە داك وباب – برا لە باب

داك	باپیر	برا لە داك وباب	برا لەباب	مەسئەلە
١/٦	١/٦	عصبە بالنفس	بێبەشە	٦
١	١	٤		

٨- مێرد – داپیر – کچ – ٢ خوشك لە داك وباب – باپیر

مێرد	کچ	داپیر	باپیر	٢خوشك لە داك وباب	مەسئەلە
١/٤	١/٢	١/٦	١/٦	ع مع الغیر	١٢
٣	٦	٢	٢	هیچی بۆ نەماوەتەوە	عول بۆ ١٣

مەزهەبی عبداللهی کوڕی مەسعود ڕەزای خوای لەسەر بێ

مەسئەلەکانی ئەم مەزهەبە :-

١- جیوازی نیە لە نیوان هەبونی خاوەن فەرز و نەبونی خاوەن فەرز : واتە ئەگەر لە مەسئەلەدا خاوەن بەشی دیاری کراو نەبێ ئەوا باپیر دوو حالەتی هەیە { مقاسمە – ١/٣ سێیەك } وە نابێ لە سێیەك کەمتری هەبێ وە ئەگەر لە مەسئەلەدا خاوەن بەشی دیاری کراو هەبێ ئەوا لەسە ریوایەتی حیجازیەکان پاشی خاوەن بەشی دیاری کراو باپیر یەك لەو سێ حالەتەی هەیە { مقاسمە – سێیەکی ماوە – شەش یەکی میرات } ، وە لەسەر ریوایەتی

عیراقیەکان پاش خاوەن بەشی دیاری کراو بۆ باپیر یەك لەم دوو بەشەی هەیە { مقاسمە – شەش یەك } ، کەواتە بەهەر حال نابێ باپیر لەسەر هەردو ریوایەت لە شەش یەك کەمتری بەرکەوێ .

۲- اعتبار نەکردنی گەراندنەوەی بەشی خوشك وبرایانی لە باب بۆ خوشك وبرایانی لەداك وباب پاش بەشی باپیر { هەروەك لە مەسئەلەی پینجەمی ئیمامی عەلی ئاماژەمان پی کرد واتە پیچەوانەی بریاری زەید لەم حالەتە}

۳- بە تەنها خوشك لە گەل باپیر نابن بە عصبە بەلکو خوشکەکان بەشی خۆیان دەبەن و ماوە بۆ باپیر بە عصبە .

٤- ئەو مەسئەلەی باپیر ئەگەر مردوەکە فەرعی مێینەی هەبی وخوشك وبرا هەبێ ئەوا فەرعە مێینەکە بەشی خۆی دەبات وباپیر بەشی دیاری کراوی خۆی دەبات و ماوە بۆ خوشك وبرا دەبیت بە تعصیب.

<u>مەزهەبی عبداللە ی کوری مەسعود لە مقاسمەی باپیر و خوشك وبرا :-</u>

خوشکەکان وباپیر :-

أ- ئەگەر یەك جۆر خوشك بن ئەوا باپیر نایانکات بە عصبە بەلکو بەشەکانیان وەردەگرن و ماوە بۆ باپیر دەبێ .

ب – جیاوازی جۆری خوشکان واتە { خوشکانی لە داك وباب – خوشکانی لەباب – باپیر} ئەوا سێ حالەت هەیە :

- **دوو یان زیاتر لە خوشك لە داك وباب و چەند خوشکیك لە باب ، باپیر .**
- **دوو یان زیاتر لە خوشك لە داك وباب و چەند برا لەباب ، باپیر .**
- **دوو یان زیاتر خوشك لە داك وباب ، چەند خوشك وبرا لە باب ، باپیر .**

<u>زیاتر رۆن کردنەوە :-</u>

وێنەی یەکەم: واتە چەند خوشکیك لە داك وباب لەگەل خوشکانی لەباب لەمەسەلی باپیر دوو شیوازی هەیە:

۱- یەك خوشك لە داك وباب وە یەك یان زیاتر خوشکی لەباب لەگەل هەبونی باپیر .

۲- دوو یان زیاتر خوشك لەداك وباب و یەك یان زیاتر خوشکی لەباب لەگەل هەبونی باپیر .

-۱

۱خوشك لە داك وباب	۱خوشك یان زیاتر لەباب	باپیر	مەسئەلە
۱/۲	۱/٦	ماوە	٦
۳	۱	۲	

٢-

٢خوشك لە داك وباب	١خوشك یان زیاتر لەباب	باپیر	مەسئەلە
٢/٣	×	ماوە	٣
٢	×	١	

ئەو مەسەلەی كە سەرخەسی رەحمەتی خوای لیبی هێناویەتی :

١خوشك لە داك وباب	خوشك لەباب	برا لەباب	باپیر	مەسئەلە
١/٢	×	×	ماوە	٢
١	×	×	١	

هەبونی فرعی مێینەی واتە ١كچ وزیاتر :- ئەگەر لە مەسئەلەی باپیر و خوشك وبرا فەرعی مێینە هەبوو واتە كچ یەك بی یان زیاتر ئەوا كچەكان بەشی خۆیان دەبەن و ماوە بە مقاسمە لە نیوان باپیر وخوشك وبرا دەبی.تەنها مەسئەلەیەك نەبی جودا كراوەتەوە كە ابن مسعود رەزای خوای لەسەربێ دوو رەئی تێدا هەبوە كە ئەمەیە:-

لەپاشی بەجێماوە { كچ- خوشك – باپیر }

رەئی یەكەم:- كچەكە نیوەی میراتی هەیەو ماوە بۆ خوشكەكەو باپیرەكە بە نیوەیان چونكە هەردوكیان عصبەن .

رەئی دووەم:- نیوە بۆ كچەكە و ماوە دەكرێ بە ٣ بەش دوو بەشی بۆ خوشكەكەو بەشێكی بۆ باپیر چونكە هەردوكیان خاوەن بەشی دیاری كراون .

رۆن كردنەوەی مەسئەلەكانی ئەم مەزهەبە:-

مەسئەلەی یەكەم :- ئەگەر خاوەن بەشی دیاری كراو {فەرز} نەبی لە مەسئەلەدا ئەوا باپیر دوو حالەتی هەیە : {موقاسەمە – سێیەكی تەواوی میرات } كە ئەمەش دەكری بە سێ حالەت :

١- موقاسەمە باشتربی لە سێیەك :-

أ- باپیر – ١برا

باپیر	برا	مەسئەلە
موقاسەمە		٢
١	١	

ب- باپیر – برا لەداك وباب و خوشك له داك وباب :-

باپیر	برا لەداك وباب	خوشك له داك وباب	مەسئەلە
مـــــقـــاســـــــەمـــــــــــه			٥
٢	٢	١	

٢- یەكسان بونی مقاسمەو سێیەك :

أ- باپیر – ٢برا له داك وباب به مقاسمه

باپیر	٢ برا له داك و باب	مەسئەلە
مقاســــــــــمه		٣
١	٢	

هەمان نمونه به سێیەك :-

باپیر	٢ برا له داك و باب	مەسئەلە
١/٣	ماوه	٣
١	٢	

ب- باپیر – برا له داك وباب – ٢ خوشك له داك وباب به مقاسمه :

باپیر	برا لەداك وباب	٢خوشك له داك وباب	مەسئەلە
مــــــــقاســــــــــه مــــــــــه			٦
٢	٢	٢	

هەمان نمونه به سێیەك :

باپیر	برا لەداك وباب	٢خوشك له داك وباب	مەسئەلە	تصحيح
١/٣	ماوه للذكر مثل حظ الانثثين		٣	
٤×١	٤×٢			٤×٣
٤	٤	٤		١٢

٣- سێیەك باشتر بێ له موقاسەمه :

أ- باپیر – برا له داك وباب – ٣خوشك له داك وباب :

باپیر	برا لەداك وباب	٣خوشك له داك وباب	مەسئەلە	تصحیح
١/٣	ماوه للذكر مثل حظ الانثئين		٣	
٥×١	٥×٢			٥×٣
٥	٤	٦		١٥

ب- باپیر – ٣ برا لەداك و باب

باپیر	٣برا لەداك وباب	مەسئەلە	تصحیح
١/٣	ماوه	٣	٣×٣
٣=٣×١	٦=٣×٢		٩

<u>مەسئەلەی دووەم:-</u> باپیر نابی لەم حالەته له سێیەكی میراتی كەمتر بەركەوی ئەگەرهاتوو كەمتر بی دەبێ بۆ بكری به سێیەك و مەسئەلەكه عەول بكرێ :

١- باپیر – ٢برا – خوشك :

باپیر	٢برا	خوشك	مەسئەلە	راستكردنەوه
١/٣	ماوه للذكر مثل حظ الانثيين		٣	٥×٣
٥=٥×١	١٠=٥×٢			١٥
	٤ ، ٤	٢		

٢- باپیر – ٣برا – ٢خوشك :

باپیر	٣برا	٢خوشك	مەسئەلە	راستكردنەوه
١/٣	ماوه للذكر مثل حظ الانثيين		٣	٨×٣
٨=٨×١	١٦=٨×٢			٢٤
	٤ ، ٤ ، ٤	٢ ، ٢		

<u>مەسئەلەی سێیەم:-</u> هەبونی خاوەن بەشی دیاری كراو {خاوەن فەرز} له مەسەلەی باپیر و خوشك وبرا :- لەم مەسئەلەدا دوو ریوایەت هاتوه له ابن مسعود رەزای خوای لەسەر بێ ئەوویش { حجازی – عراقی }

لەسەر ریوایەتی ئەهلی حیجاز:-

١- خاوەن بەشی دیاری كراو بەشی خۆی دەبات .

٢- باپیر یەك لەم سێ حاڵەتەی هەیە كە بۆی قازانجە { مقاسمە – سێیەكی ماوەی دوای خاوەن بەش – شەش یەكی تەواوی میرات } چەند نمونەیەك بۆ زیاتر ڕۆن كردنەوەی ریوایەتی ئەهلی حیجاز:-

ئەگەر خاوەن بەش { داپیر } بێت :-

١- لە پاشی بەجیماوە : داپیر – باپیر – برا لەداك وباب { مقاسمە بۆ باپیر زیاترە }

داپیر	باپیر	برا لە داك وباب	مەسئەلە	ڕاست كردنەوە
١/٦	بە مقـــــــاسـمە		٦	٢×٦
٢×١	ماوە ٥ ×٢=١٠			١٢
٢	٥	٥		

٢- لە پاشی بەجیماوە : داپیر – باپیر – ٢برا لەداك وباب { سێیەكی ماوە و مقاسمە وەكو یەكن}

داپیر	باپیر	٢برا لە داك وباب	مەسئەلە	ڕاست كردنەوە
١/٦	١/٣ی ماوە	ماوە دوای باپیر	٦	٣×٦
٣×١	ماوە ٥×٣=١٥			١٨
٣	٥	١٠		

٣- لە پاشی بەجیماوە : داپیر – باپیر – ٣برا لەداك وباب { سێیەكی ماوە بۆ باپیر زیاترە }

داپیر	باپیر	٣برا لە داك وباب	مەسئەلە	ڕاست كردنەوە
١/٦	١/٣ی ماوە	ماوە دوای باپیر	٦	٣×٦
٣×١	ماوە ٥×٣=١٥			٣×١٨
٩=٣×٣	١٥=٣×٥	٣٠=٣×١٠		٥٤

٤- لە پاشی بەجیماوە : داپیر – باپیر – ٤برا لەداك وباب { سێیەكی ماوە بۆ باپیر زیاترە }

داپیر	باپیر	٤برا لە داك وباب	مەسئەلە	ڕاست كردنەوە
١/٦	١/٣ی ماوە	ماوە دوای باپیر	٦	٣×٦
٣×١	ماوە ١٥=٣×٥			٢×١٨
٦=٢×٣	١٠=٢×٥	٢٠=٢×١٠		٣٦

٥- لە پاشی بەجیماوە : داپیر – باپیر – ٥برا لەداك وباب { سێیەكی ماوە بۆ باپیر زیاترە }

داپیر	باپیر	٥برا لە داك وباب	مەسئەلە	ڕاست كردنەوە
١/٦	١/٣ی ماوە	ماوە دوای باپیر	٦	٣×٦
٣×١	ماوە ١٥=٣×٥			
٣	٥	١٠		

ئەگەر خاوەن بەش {داك} بێت لەوحالەتەی داك شەش یەكی هەبێت:-

١- داك – باپیر – ٢ برا { سێیەكی ماوەو مقاسمە وەكو یەكن }

داك	باپیر	٢برا لە داك وباب	مەسئەلە	ڕاست كردنەوە
١/٦	١/٣ی ماوە	ماوە دوای باپیر	٦	٣×٦
٣×١	ماوە ١٥=٣×٥			
٣	٥	١٠		

٢- لە پاشی بەجیماوە : داك – باپیر – ٣برا لەداك وباب { سێیەكی ماوە بۆ باپیر زیاترە }

داك	باپیر	٣برا لە داك وباب	مەسئەلە	ڕاست كردنەوە
١/٦	١/٣ی ماوە	ماوە دوای باپیر	٦	٣×٦
٣×١	ماوە ١٥=٣×٥			٣×١٨
٩=٣×٣	١٥=٣×٥	٣٠=٣×١٠		٥٤

٣- لە پاشی بەجیماوە : داك – باپیر – ٤برا لەداك وباب { سێیەكی ماوە بۆ باپیر زیاترە }

داك	باپیر	٤برا لە داك وباب	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٦	١/٣ی ماوە	ماوە دوای باپیر	٦	٦×٣
١×٣	ماوە ٥×٣=١٥			١٨×٢
٣×٢=٦	٥×٢=١٠	١٠×٢=٢٠		٣٦

٤- لە پاشی بەجیماوە : داك – باپیر – ٥برا لەداك وباب { سێیەكی ماوە بۆ باپیر زیاترە }

داك	باپیر	٥برا لە داك وباب	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٦	١/٣ی ماوە	ماوە دوای باپیر	٦	٦×٣
١×٣	ماوە ٥×٣=١٥			
٣	٥	١٠		

خاوەن بەش {ژن } بێت كاتێك چواریەكی هەبێ:-

١- لە پاشی بەجیماوە : ژن – باپیر – ١برا لەداك وباب { مقاسمە بۆ باپیر زیاترە }

ژن	باپیر	برا لە داك وباب	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٤	بە مقـــــــاسـمە		٤	٤×٢
١×٢	ماوە ٣ ×٢=٦			٨
٢	٣	٣		

٢- لە پاشی بەجیماوە : ژن – باپیر – ٢برا لەداك وباب { مقاسمە یان سێیەكی ماوە وەكو یەكە }

ژن	باپیر	٢برا لە داك وباب	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٤	بە مقـــــــاسـمە		٤	
١	ماوە ٣			
١	١	٢		

٣- لە پاشی بەجیماوە : ژن – باپیر – ٣برا لەداك وباب { سێیەكی ماوە بۆ باپیر زیاترە }

ژن	باپیر	٣برا لە داك وباب	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٤	١/٣ی ماوە	ماوە دوای باپیر	٤	٤×٣
١×٣	ماوە ٣×٣=٩			١٢
٣	٣	٦		

خاوەن بەش {داك} بیت لەو حالەتەی سێیەكی هەیە:-

لە پاشی بەجیماوە : ژن – باپیر – ١برا لەداك وباب { مقاسمە بۆ باپیر زیاترە }

داك	باپیر	برا لە داك وباب	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٣	بە مقـــــــاسـمە		٣	
١	ماوە ٢			
١	١	١		

خاوەن بەش {مێرد} بیت كاتیك نیوەی هەبێ:-

١- لە پاشی بەجیماوە : مێرد – باپیر – ١برا لەداك وباب { مقاسمە بۆ باپیر زیاترە }

میرد	باپیر	برا لە داك وباب	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٢	بە مقـــــــاسـمە		٢	٢×٢
١×٢	ماوە ١×٢			٤
٢	١	١		

٢- لە پاشی بەجیماوە : مێرد – باپیر – ٢برا لەداك وباب { هەرسێ حالەت : مقاسمە و سییەكی ماوەو شەش یەك وەكو یەكن بۆ باپیر }

بەمقاسمە

میرد	باپیر	٢برا لە داك وباب	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٢	بە مقـــــــاسـمە		٢	٣×٢
١×٣	ماوە ١×٣			٦
٣	١	٢		

هەمان نمونە بە سێیەكی ماوە :

مێرد	باپیر	٢برا لە داك وباب	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٢	١/٣ی ماوە	ماوە دوای باپیر	٦	
٣	ماوە ٣			
٣	١	٢		

هەمان نمونە بە شەش یەك :-

مێرد	باپیر	٢برا لە داك وباب	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٢	١/٦	ماوە دوای باپیر	٦	
٣	١	٢		

٣- لە پاشی بەجیماوە : مێرد – باپیر – ٣برا لەداك وباب { سێیەكی ماوە یان شەش یەك وەكو یەكن }

بە سێیەكی ماوە :

مێرد	باپیر	٣برا لە داك وباب	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٢	١/٣ی ماوە	ماوە دوای باپیر	٦	٣×٦
٣×٣	ماوە ٣×٣=٩			١٨
٩	٣	٦		

هەمان نمونە بە شەش یەك :-

مێرد	باپیر	٣برا لە داك وباب	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٢	١/٦	ماوە دوای باپیر	٦	٣×٦
٣×٣=٩	١×٣=٣	٢×٣=٦		١٨

خاوەن بەشی دیاری كراو {ژن} وە {داك} لە حالەتی سێیەك :-

لەپاشی بەجێماوە :- ژن – داك – باپیر – برا { موقاسەمە باشترە بۆ باپیر }

ژن	داك	باپیر	برا	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٤	١/٣	مقاسمە		١٢	٢×١٢
٢×٣	٢×٤	٢×٥			٢٤
٦	٨	٥	٥		

خاوەن بەشی دیاری کراو {ژن} وە {داك} لە حالەتی شەش یەك :-

١- لەپاشی بەجێماوە :- ژن – داك – باپیر – ٢برا { موقاسەمە و سێیەکی ماوە وەکو یەکن بۆ باپیر }

ژن	داك	باپیر	٢برا	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٤	١/٦	مقاسمە		١٢	٣×١٢
٣×٣	٣×٢	٣×٧			٣٦
٩	٦	٧	١٤		

٢- لەپاشی بەجێماوە :- ژن – داك – باپیر – ٣برا { سێیەکی ماوە باشترە بۆ باپیر }

ژن	داك	باپیر	٣برا	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٤	١/٦	١/٣ی ماوە	ماوە	١٢	٣×١٢
٣×٣	٣×٢	٢١=٣×٧			٣×٣٦
٢٧=٣×٩	١٨=٣×٦	٢١=٣×٧	٤٢=٣×١٤		١٠٨

خاوەن بەشی دیاری کراو{ ژن ،داپیر } :-

١- لە پاشی بەجێماوە : ژن – داپیر – باپیر – برا {موقاسەمە باشترە بۆ باپیر }

ژن	داپیر	باپیر	برا	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٤	١/٦	مقاسمە		١٢	٢×١٢
٢×٣	٢×٢	٢×٧			٢٤
٦	٤	٧	٧		

٢- لەپاشی بەجێماوە :- ژن – داپیر – باپیر – ٢برا { موقاسەمە و سێیەکی ماوە وەکو یەکن بۆ باپیر }

ژن	داپیر	باپیر	٢برا	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٤	١/٦	مقاسمە		١٢	٣×١٢
٣×٣	٣×٢	٣×٧			٣٦
٩	٦	٧	١٤		

٣- لەپاشی بەجێماوە :- ژن – داپیر – باپیر – ٣برا { سێیەکی ماوە باشترە بۆ باپیر }

ژن	داپیر	باپیر	٣برا	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٤	١/٦	١/٣ی ماوە	ماوە	١٢	٣×١٢
٣×٣	٣×٢	٣×٧=٢١			٣×٣٦
٢٧=٣×٩	١٨=٣×٦	٢١=٣×٧	٤٢=٣×١٤		١٠٨

خاوەن بەشی دیاری کراو {مێرد ، داپیر } :-

١- لە پاشی بەجێماوە :مێرد – داپیر – باپیر – برا {موقاسەمە و شەش یەك وەکو یەکن بۆ باپیر }

مێرد	داپیر	باپیر	برا	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٢	١/٦	مقاسمه		٦	
٣	١	١	١		

٢- لە پاشی بەجێماوە :مێرد – داپیر – باپیر – ٢برا { شەش یەك باشترە بۆ باپیر }

مێرد	داپیر	باپیر	٢برا	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٢	١/٦	١/٦	ماوە	٦	٢×٦
٦=٢×٣	٢=٢×١	٢=٢×١	٢=٢×١		١٢

٣- لە پاشی بەجێماوە :مێرد – داپیر – باپیر – ٣برا { شەش یەك باشترە بۆ باپیر }

مێرد	داپیر	باپیر	٣برا	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٢	١/٦	١/٦	ماوە	٦	٣×٦
٩=٣×٣	٣=٣×١	٣=٣×١	٣=٣×١		١٨

خاوەن بەشی دیاری کراو {مێرد، داك }:-

١- لە پاشی بەجێماوە :مێرد – داك – باپیر –برا { شەش یەك ماوە بۆ باپیر }

مێرد	داك	باپیر	برا	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٢	١/٣	١/٦	ماوە	٦	
٣	٢	١	×		

٢- لە پاشی بەجێماوە :مێرد – داك – باپیر –٢برا { شەش یەك باشترە بۆ باپیر }

مێرد	داك	باپیر	٢برا	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٢	١/٦	١/٦	ماوە	٦	٢×٦
٣=٢×٣	٢=٢×١	٢=٢×١	٢=٢×١		١٢

٣- لە پاشی بەجێماوە :مێرد – داك – باپیر – ٣برا { شەش یەك باشترە بۆ باپیر }

مێرد	داك	باپیر	٣برا	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٢	١/٦	١/٦	ماوە	٦	٣×٦
٩=٣×٣	٣=٣×١	٣=٣×١	٣=٣×١		١٨

==

لەسەر ریوایەتی عیراقیەكان :-

١- خاوەن بەشی دیاری كراو بەشی خۆی دەبات .

٢- بۆباپیر یەكیك لەم دووانە { مقاسمە – شەش یەك } .

نمونەی رۆن كەرەوە :-

خاوەن بەشی دیاری كراو { داپیرە }:-

١- لە پاشی بەجێماوە : داپیر – باپیر – برا لە داك وباب {مقاسمە باشترە }

داپیر	باپیر	برا لە داك وباب	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٦	مــــقاسمـــــــــــــــــە		٦	٢×٦
٢×١	٢×٥			١٢
٢	٥	٥		

٢- لە پاشی بەجێماوە : داپیر – باپیر – ٢برا لە باب {مقاسمە باشترە }

داپیر	باپیر	٢برا لە باب	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٦	مــــقاسمـــــــــــــــــە		٦	٣×٦
٣×١	٣×٥			١٨
٣	٥	١٠		

٣- له پاشی بەجێماوه : داپیر – باپیر – ٣برا له داك وباب یان له باب {مقاسمه باشتره له شەش یەك }

داپیر	باپیر	٣برا	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٦	مـــقاسمـــــــــــــه		٦	٤×٦
٤×١	٤×٥			٢٤
٤	٥	١٥		

٤- له پاشی بەجێماوه : داپیر – باپیر – ٤برا له داك وباب یان له باب {مقاسمه و شەش یەك وەكو یەكە }

داپیر	باپیر	٤برا	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٦	مـــقاسمـــــــــــــه		٦	
١	٥			

٥- له پاشی بەجێماوه : داپیر – باپیر – ٥برا له داك وباب یان له باب { شەش یەك باشتره له مقاسمه }

داپیر	باپیر	٥برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٦	١/٦	ماوە	٦	٥×٦
٥=٥×١	٥=٥×١	٢٠=٥×٤		٣٠

خاوەن بەشی دیاری کراو {داك} له حالەتی شەش یەك بۆ داكە:-

١- له پاشی به جیماوه : داك - باپیر – ٢برا { مقاسمه باشتر بۆ باپیر }

داك	باپیر	٢برا	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٦	مـــقاسمـــــــــــــه		٦	٣×٦
٣×١	٣×٥			١٨
٣	٥	١٠		

٢- له پاشی بەجێماوه : داپیر – باپیر – ٣برا له داك وباب یان له باب {مقاسمه باشتره له شەش یەك }

داك	باپیر	٣برا	مەسئەلە	راست کردنەوە
١/٦	مـــقاسمـــــــــــــه		٦	٤×٦
٤×١	٤×٥			٢٤
٤	٥	١٥		

٣- لە پاشی بەجێماوە : داك – باپیر – ٤برا لە داك وباب یان لە باب {مقاسمە و شەش یەك وەكو یەكە }

داپیر	باپیر	٤برا	مەسئەلە	راست كردنەوە
١/٦	مــــقاسمــــــــــــــــــە		٦	
١	٥			

٥- لە پاشی بەجێماوە : داك – باپیر – ٥برا لە داك وباب یان لە باب { شەش یەك باشترە لە مقاسمە }

داك	باپیر	٥برا	مەسئەلە	راستكردنەوە
١/٦	١/٦	ماوە	٦	٥×٦
٥=٥×١	٥=٥×١	٢٠=٥×٤		٣٠

خاوەن بەشی دیاری كراو { ژن} كاتیك بەشەكەی چواریەكە:-

١- لە پاشی بەجیماوە : ژن – باپیر – برا :- { مقاسمە باشترە بۆ باپیر}

ژن	باپیر	برا	مەسئەلە	راستكردنەوە
١/٤	مقـــــــاسمـــــــــە		٤	٢×٤
٢×١	٢×٣			٨
٢	٣	٣		

٢- لە پاشی بەجیماوە : ژن – باپیر – ٢برا :- { مقاسمە باشترە بۆ باپیر}

ژن	باپیر	٢برا	مەسئەلە	راستكردنەوە
١/٤	مقـــــــاسمـــــــــە		٤	٣×٤
٣×١	٣×٣			١٢
٣	٣	٦		

٣- لە پاشی بەجیماوە : ژن – باپیر – ٣برا :- { مقاسمە باشترە بۆ باپیر}

ژن	باپیر	٣برا	مەسئەلە	راستكردنەوە
١/٤	مقـــــــاسمـــــــــە		٤	٤×٤
٤×١	٤×٣			١٦
٤	٣	٩		

٤- لە پاشی بەجیماوە : ژن – باپیر – ٤برا :- { شەش یەك باشترە بۆ باپیر}

ژن	باپیر	٤برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٤	١/٦	ماوە	١٢	١٢×٤
٣×٤	٢×٤	٧×٤		٤٨
١٢	٨	٢٨		

خاوەن بەشی دیاری کراو { داك کە سێیەکی هەبێت} :-

١- لەپاشی بەجێماوە : داك – باپیر – برا {مقاسمە باشترە }

داك	باپیر	برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٣	مقـــــــاسمـــــــــە		٣	
١	٢			
١	١	١		

خاوەن بەشی دیاری کراو { مێرد لەو حالەتەی کە نیوەی میراتی هەیە} :-

١- لە پاشی بە جێماوە : مێرد – باپیر – برا { مقاسمە باشترە }

مێرد	باپیر	برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٢	مقـــــــاسمـــــــــە		٢	٢×٢
١×٢	١×٢			٤
٢	١	١		

٢- لە پاشی بەجیماوە : میرد – باپیر – ٢برا :- { مقاسمە و شەش یەك وەکو یەکن بۆ باپیر}

میرد	باپیر	٢برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٢	مقـــــــاسمـــــــــە		٢	٢×٣
١×٣	١×٣			٦
٣	١	٢		

٣- لە پاشی بەجیماوە : مێرد – باپیر – ٣برا :- { شەش یەك باشترە بۆ باپیر}

ژن	باپیر	٤برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٢	١/٦	ماوە	٦	٢×٦
٢×٣	٢×١	٢×٢		١٢
٦	٢	٤		

خاوەن بەشی دیاری کراو {ژن - داك لەحالەتی شەش یەکی میرات} :-

١- لە پاشی بەجێماوە :- ژن – داك – باپیر – ٢برا { مقاسمە باشترە } :-

ژن	داك	باپیر	٢برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٤	١/٦	موقاسمە		١٢	٣×١٢
٣×٣	٣×٢	٣×٧			٣٦
٩	٦	٧	١٤		

٢- لەپاشی بە جێماوە :- ژن – داك – باپیر – ٣برا { شەش یەك باشترە} :-

ژن	داك	باپیر	٣برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٤	١/٦	١/٦	ماوە	١٢	٣×١٢
٣×٣	٣×٢	٣×٢	٣×٥		٣٦
٩	٦	٦	١٥		

خاوەن بەشی دیاری کراو {ژن و داپیر} :-

١- لە پاشی بەجێماوە :- ژن – داپیر – باپیر – برا {مقاسمە باشترە}

ژن	داپیر	باپیر	برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٤	١/٦	موقاسمە		١٢	٢×١٢
٢×٣	٢×٢	٢×٧			٢٤
٦	٤	٧	٧		

٢- لە پاشی بەجێماوە :- ژن – داپیر– باپیر – ٢برا { مقاسمە باشترە } :-

ژن	داپیر	باپیر	٢برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٤	١/٦	موقاسمە		١٢	٣×١٢
٣×٣	٣×٢	٣×٧			٣٦
٩	٦	٧	١٤		

٣- لەپاشی بە جێماوە :- ژن – داپیر – باپیر – ٣برا { شەش یەك باشترە} :-

ژن	داپیر	باپیر	٣برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٤	١/٦	١/٦	ماوە	١٢	٣×١٢
٣×٣	٣×٢	٣×٢	٣×٥		٣٦
٩	٦	٦	١٥		

خاوەن بەشی دیاری کراو {مێرد و داپیر } :-

١- لە پاشی بەجێماوە :- میرد – داپیر – باپیر – برا {مقاسمە وشەش یەك وەكو یەكن}

میرد	داپیر	باپیر	برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٢	١/٦	موقاسمە		٦	
٣	١	٢			

٢- لەپاشی بە جێماوە :- میرد – داپیر – باپیر – ٢برا { شەش یەك باشترە} :-

میرد	داپیر	باپیر	٢برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٢	١/٦	١/٦	ماوە	٦	٢×٦
٢×٣	٢×١	٢×١	٢×١		١٢
٦	٢	٢	٢		

خاوەن بەشی دیاری کراو {مێرد – داك لە حالەتی شەش یەك } :-

لە پاشی بە جێماوە : مێرد – داك – باپیر – ٢برا { شەش یەك باشترە} :-

میرد	داك	باپیر	٢برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٢	١/٦	١/٦	ماوە	٦	٢×٦
٢×٣	٢×١	٢×١	٢×١		١٢
٦	٢	٢	٢		

خاوەن بەشی دیاری کراو { مێرد – داك لە حالەتی سێیەك} :-

لەپاشی بەجێماوە : مێرد – داك – باپیر برا :- { شەش یەك بۆ باپیر ماوە وبراکە بیبەشە}

میرد	داك	باپیر	برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٢	١/٣	١/٦	ماوە	٦	
٣	٢	١	٠		

مەسئەلەی چوارەم :- **لەکاتی هەبونی خاوەن بەشی دیاری کراو نابی بەشی باپیر لە شەش یەك کەمتر بێ.**

نمونە :

١- لە پاشی بەجێماوە : ژن – داك – باپیر - برا لەداك وباب

ژن	داك	باپیر	برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٤	١/٣	موقاسمە		١٢	٢×١٢
٢×٣	٢×٤	٢×٥			٢٤
٦	٨	٥	٥		

٢- لە پاشی بە جێماوە : مێرد – داپیر – باپیر – ٢برا لە باب

میرد	داپیر	باپیر	٢برا	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٢	١/٦	١/٦	ماوە	٦	٢×٦
٢×٣	٢×١	٢×١	٢×١		١٢
٦	٢	٢	٢		

مەسئەلەی پێنجەم:- **ئەگەر لە مەسئەلەدا براو خوشك لەداك وباب و لە باب هەبو گەرانەوە نیە لەبەشی خوشك و برایانی لەباب بۆ خوشك و برایانی لە داك وبا پاش بەشی باپیر واتە مەسئەلەی { معادە } نیە .**

ڕۆن کردنەوە : ئەگەر لە مەسەلەدا باپیر و خوشك وبرا لەداك وباب و خوشك وبرا لەباب هەبوو ئەوا :-

- **لەسەرەتاوە خوشك وبرایانی لەباب بیبەش دەبن بە لەداك وباب**
- **ئینجا مەسئەلەکە وا دادادەنری کە لە باپیر و خوشك وبرا لەداك و باب پیکهاتوە .**

١- لە پاشی بەجێماوە : باپیر – برا لەداك وباب – ٢ برا لەباب :

باپیر	برا لەداك وباب	٢برا لەباب	مەسئەلە
مقـــــاســـــمــه		بیبەشن بە برا لەداك وباب	٢
١	١		

٢- لەپاشی بەجێماوە : مێرد – باپیر - برا لەداك وباب – برا لەباب :-

مێرد	باپیر	برا لەداك وباب	برا لە باب	مەسئەلە	راستکردنەوە
١/٢	مــقاســـــــــــــمه		بیبەشە بە برا لەداك وباب	٢	٢×٢
١×٢=٢	١×٢=٢		×		٤

٣- لە پاشی بەجیماوە : باپیر – برا لە داك و باب – برا لە باب – خوشك لەباب :

باپیر	برا لەداك وباب	برا لەباب	خوشك لەباب	مەسئەلە
مقاسمە		×	×	٢
١	١			

مەسئەلەی شەشەمین:- خوشکان لەگەل باپیر

دوو مەسئەلەی تێدایە :-

١- خوشکەکان تەنها بن لەگەل باپیر .

٢- خوشکانی لەداك وباب و خوشکانی لەباب یان برایانی لەباب یان خوشك وبرا لە باب لەگەل باپیر .

مەسئەلەی یەکەم : خوشکەکان تەنها بن لەگەل باپیر .{ واتە عەسەبەیان لەگەل نەبێ وەکو کچی مردوە یان کچی کور یان برا ...}واتە هیچ جۆرە عەسەبەیەکی نەبی جا بالغیر بی یان مع الغیر کەواتە تەنها ئەمانە بن :

خوشکانی لەداك وباب لەگەل باپیر ، خوشکانی لەباب لەگەل باپیر ، یەك خوشك لەداك وباب لەگەل باپیر ، یەك خوشك لەباب لەگەل باپیر . (ئەمانە پێیان دەگوتری خوشکانی تەنها). جا کێشە نیە خاوەن بەش هەبی یان نەبی کەواتە ئەمەش بوە دوو حالەت :

١- ئەگەر خاوەن بەشیان لەگەل دابی ٢- خاوەن بەشیان لەگەل دا نەبێت .

بە کورتی ئەگەر خاوەن بەشیان لەگەل دابی بەشی خۆی وەردەگرێ و خوشکەکانیش بەشی خۆیان و ماوە بۆ باپیر بەمەر جی بەشی باپیر لە شەش یەك کەمتر نەبیت . وە ئەگەر خاوەن بەشیان لەگەلدا نەبێت ئەوا خوشکەکان بەشی خۆیان وەردەگرن و ماوە بۆ باپیر بەمەر جی بەشی باپیر لە شەش یەك کەمتر نەبیت .

رۆن کردنەوە بە پرسیار:{ خوشکانی تەنها } خاوەن بەش نەبیت

١- ٢خوشك لە داك وباب + باپیر : بۆ دوو خوشکەکە ٢/٣ و ماوە بۆ باپیر .

٢- ٣خوشك لە داك وباب + باپیر : بۆ سێ خوشکەکە ٢/٣ و ماوە بۆ باپیر .

٣- ١خوشك لەباب + باپیر : بۆ خوشکەکە ١/٢ و ماوە بۆ باپیر .

٤- ٢خوشك لە باب + باپیر : بۆ دوو خوشکەکە ٢/٣ و ماوە بۆ باپیر .

٥- ٣خوشك لە باب + باپیر : بۆ دوو خوشکەکە ٢/٣ و ماوە بۆ باپیر .

٦- ١خوشك لەداك وباب و ١ خوشك لەباب + باپیر : بۆ خوشکەکەی لەداك وباب ١/٢ و بۆ خوشکەکەی لەباب ١/٦ بۆ تەواو کردنی ٢/٣ و ماوە بۆ باپیر بە عصبە .

٧- ١خوشك لە داك وباب و ٢ خوشك لەباب + باپیر : بۆ خوشکەکەی لەداك وباب ١/٢ و بۆ ٢خوشکەکەی لەباب ١/٦ بۆ تەواو کردنی ٢/٣ و ماوە بۆ باپیر بە عصبە .

٨- ١خوشك لە داك وباب و ٣ خوشك لەباب + باپیر : بۆ خوشکەکەی لەداك وباب ١/٢ و بۆ ٣خوشکەکەی لەباب ١/٦ بۆ تەواو کردنی ٢/٣ و ماوە بۆ باپیر بە عصبە .

نمونەی خوشك لەگەل باپیر ئەگەر خاوەن بەشیان لەگەل دا بێت:

١- مێرد+ ١خوشك لە داك وباب + باپیر : بۆ مێردەکە ١/٢ و بۆ خوشکەکە ١/٢ و هیچ نەماوە بۆیە دەبی مەسەلەکە عەول بکەین باپیر ١/٦ پی بدری .

٢- مێرد+ ٢خوشك لە داك وباب + باپیر : بۆ مێردەکە ١/٢ و بۆ خوشکەکە ٢/٣ و مەسەلەکە خۆی عەولە بی باپیر لەگەل ئەوەش دەبی باپیر ١/٦ ی بدرێتێ.

٣- مێرد+ ٣خوشك لە داك وباب + باپیر : بۆ مێردەکە ١/٢ و بۆ خوشکەکە ٢/٣ و مەسەلەکە خۆی عەولە بی باپیر لەگەل ئەوەش دەبی باپیر ١/٦ ی بدرێتێ .

٤- ژن + داك + ١خوشك لە باب +باپیر :-

ژن	داك	١خوشك لە باب	باپیر	مەسئەلە
١/٤	١/٣	١/٢	١/٦	١٢
٣	٤	٨	٢	عەول بۆ ١٧

٥) ژن + داك + ١خوشك له باب +باپیر :-

ژن	داك	٢خوشك له باب	باپیر	مەسئەلە
١/٤	١/٦	٢/٣	١/٦	١٢
٣	٢	٨	٢	عەول بۆ ١٥

٦- ١خوشك له داك وباب + ١خوشك لەباب + داپیر + باپیر :

داپیر	١خوشك له داك وباب	١خوشك لەباب	باپیر	مەسئەلە
١/٦	١/٢	١/٦	ماوە ١/٦	٦
١	٣	١	١	

مەسئەلەی دوەمی خوشكان لەگەل باپیر : خوشكانی لەداك وباب و خوشكانی لەباب یان برایانی لەباب یان خوشك وبرا له باب لەگەل باپیر .

رۆن كردنەوە به نمونه :-

١- ١خوشك له داك وباب + ١ خوشك لەباب + باپیر :- بۆ خوشكەكەی له داك وباب ١/٢ و بۆ ١خوشك لەباب ١/٦ و بۆ باپیرەكه ماوە واته ١/٣

٢- ١خوشك له داك وباب + ٢ خوشك لەباب + باپیر :- بۆ خوشكەكەی له داك وباب ١/٢ و بۆ ٢خوشك لەباب ١/٦ و بۆ باپیرەكه ماوە واته ١/٣

٣- ١خوشك له داك وباب + ٣ خوشك لەباب + باپیر :- بۆ خوشكەكەی له داك وباب ١/٢ و بۆ ٣خوشك لەباب ١/٦ و بۆ باپیرەكه ماوە واته ١/٣

٤- ٢خوشك له داك وباب + ٢ خوشك لەباب + باپیر :- بۆ خوشكەكەی له داك وباب ٢/٣ بەلام ٢خوشك لەباب بیبەشن چونكه ٢ خوشك لەداك وباب هەیه دوو سێیەكی تەواویان بردوە بۆ باپیرەكه ماوە واته ١/٣ .

٥- ٣خوشك له داك وباب + ٣ خوشك لەباب + باپیر :- بۆ خوشكەكەی له داك وباب ٢/٣ بەلام ٣خوشك لەباب بیبەشن چونكه ٣ خوشك لەداك وباب هەیه دوو سێیەكی تەواویان بردوە بۆ باپیرەكه ماوە واته ١/٣ .

٦- ٣خوشك له داك وباب + ١ خوشك لەباب + باپیر :- بۆ خوشكەكەی له داك وباب ٢/٣ بەلام ١خوشك لەباب بیبەشە چونكه ٣ خوشك لەداك وباب هەیه دوو سێیەكی تەواویان بردوە بۆ باپیرەكه ماوە واته ١/٣ .

وینەو حالەتی دوەم گەر برای مردوەكه له باب یان خوشك وبرای لەباب هەبی لەگەل باپیر و خوشك لەداك وباب :

لەم حالەتەدا خوشك لە داك وباب بەشی خۆی دەبات وماوە بۆ باپیر و خوشك وبرایانی لە باب بیبەشن .

نمونە :-

١- ١ خوشك لە داك وباب + برا لەباب + باپیر : بۆ خوشكەكەی لەداك وباب ١/٢ و ماوە بۆ باپیر ، برا لەباب هیچی بۆ نیە .

٢- ٢ خوشك لە داك وباب + ٢برا لەباب + باپیر : بۆ ٢خوشكەكەی لەداك وباب ٢/٣ و ماوە بۆ باپیر ، ٢برا لەباب هیچیان بۆ نیە .

٣- ١ خوشك لە داك وباب + ١برا لەباب + ١ خوشك لە باب + باپیر : بۆ خوشكەكەی لەداك وباب ١/٢ و ماوە بۆ باپیر ، و خوشك وبرا لەباب هیچیان بۆ نیە .

مەسئەلەی حەوتەمین : هەبونی فەرعی میراتگری مێینە{كچ یان كچی كور} لەگەل باپیر و خوشك وبرا : بۆچونی ابن مسعود رەزای خوای لەسەربی ئەوەیە كە كچەكان بەشی دیاری كراوی خۆیان وەرگرن ئینجا خوشك و براكان لەگەل باپیر بە مقاسمە بەش بكەن واتە {للذكر مثل حظ الانثیین } وە نابی بەشی باپیر لە شەش یەك كەمتر بی .

نمونەی رۆن كەرەوە :-

١- ١ كچ و ١ برا لەداك وباب لەگەل باپیر :-بۆ كچەكە ١/٢ و ماوە لە نیوان باپیر و براكە بە مقاسمە

٢- ١كچ و ١ كچی كور و ٢خوشك لە داك وباب لەگەل باپیر :بۆ كچەكە نیوە ، بۆ كچی كور شەش یەك تەواوكردنی دوو سێیەك وە ماوە ١ سهم لە نیوان باپیر و دوو خوشكەكە ﴿ للذكر مثل حظ الانثیین﴾ واتە نیوەی سەهمە ماوەكە بۆ باپیر و نیوەكەی تر بۆ دوو خوشكەكە .

٣- ٣كچ – ٢ برا لە داك وباب – باپیر :-

٣كچ	٢برا	باپیر	مەسئەلە	راست كردنەوە
٢/٣	ماوە	١/٦	٦	٦×٦
٦×٤	٦×١	٦×١		٣٦
٢٤	٦	٦		

مەسئەلەیەکی جوداکراوە لە حوکمی ئەوانەی پێشتر:

کچ – خوشك – باپیر :

١- بە پێی حوکمی رابردوو : کچەکە نیوە ، نیوەکەی تر لە نیوان باپیر و خوشکەکە بە ﴿ للذکر مثل حظ الانثیین ﴾ واتە ماوەکە دەکری بە سێ بەش دووی بۆ باپیرەکە و یەکیش بۆ خوشکەکە .

٢- بەلای {ابن مسعود} لەم مەسەلەدا دوو راو وبۆچونی جیاواز هەیە:-

أ- کچەکە نیوەی هەیە و نیوە دەمینیتەوە : خوشکەکە عەسەبەیە لەگەل کچەکە ، و باپیرەکەش عەصەبەیە بە نەفسی خۆی ، کەواتە هەردوکیان عەصەبەن بەلام دو عصبەی جیاواز کەواتە نیوەی ماوە دەکریتە دووبەشی یەکسان نیوەی بۆ باپیرەکە و نیوەی بۆ خوشکەکە .

ب- کچەکە نیوەی هەیە و دەمینیتەوە نیوە : ئەم مەسئەلە بەمەسەلەی خاوەن بەش دەچی واتە وەکو ئەوە وایە لە مەسەلەی باپیر خاوەن بەش هەبی ئەگەر لە مەسئەلەش خاوەن بەش هەبی باپیر سێ حالەتی هەیە کامیان زیاتر بی ئەو دەبات : واتە ﴿ موقاسەمە – سێیەکی ماوە – شەش یەك ﴾ جا ئەگەر هاتوو بە موقاسەمە بکەین واتە نیوەی دوای کچەکە بدری بە باپیر و خشکەکە ﴿ للذکر مثل حظ الانثیین ﴾ ئەوا دوبەش و خوشکەکەش یەك بەشی دەبی بەلام لە ئەصل دا خوشکەکەش نیوەی هەیە کەواتە مافی خوراوە گەر بە موقاسەمە بیت بۆیە موقاسەمە لادەدەین و دوەکەی تر دیاری دەکەین ﴿ سێیەکی ماوە – شەش یەك﴾ جا بەهەر کامیان بکەین وەکو یەکە بۆ باپیر جیاوازی نیە واتە ماوە بکەین بی سی بەش بەشیکی بۆ باپیر و دوبەشەکی تر بۆ خوشکەکە یان شەش یەك بدەین بە باپیر و ماوە ٢ بەش بۆ خوشکەکە .

==

مەزهەبی زەیدی کوری ثابت

<u>**مەسئەلەکانی ئەم مەزهەبە:-**</u>

- **ئەگەر لە مەسئەلەی باپیر خاوەن بەش نەبی .**
- **ئەگەر لەمەسئەلەی باپیر خاوەن بەش هەبێ.**
- **مەسئەلەی ئەژمارکردنی خوشك و برایانی لەباب لەگەل خوشك وبرایانی لەداك و باب بەرامبەر باپیر .**
- **باپیر و تەنها لەگەل خوشکانی مردوەکە .**
- **هەبونی کچ یان کچی کور لەگەل باپیر و خوشك وبرا.**
- **بەباشتر دانانی داك لەسەر باپیر .**

مەسئەلەی یەکەم:- نەبونی خاوەن بەشی دیاری کراو لە مەسئەلەی باپیر

لەم حالەتەدا گرنگ ئەوەیە خاوەن بەش نەبیت جا خوشك وبرا هەبن یان تەنها برا یان تەنها خوشك لە داك وباب بن یان تەنها لەباب بن . حوکمی ئەم مەسئەلەیە ئەوەیە باپیر بە موقاسەمە وەردەگریت ئەگەر بۆی قازانج بیت ئەگەر کەم بکات ئەوا بە سێیەك بۆ دەکری و ماوە بۆ خوشك وبراکان .

نمونەکانی ئەم مەسئەلەیە :

خوشکانی لە داك وباب

١) ١خوشك لە داك وباب — باپیر :- باپیر وەکو برا ئەژمار دەکری واتە دووبەش بۆ باپیر و بەشیك بۆ خوشکەکە .

٢) ٢خوشك لە داك وباب — باپیر :- بەهەمان شیوە باپیر وەك برایەك وایە واتە نیوە بۆ باپیر و نیوەکەی تر بۆ دوو خوشکەکە.

٣) ٣ خوشك لە داك وباب — باپیر :- بە موقاسەمە وەك ئەوانەی پیشو ژمارەیان ٥ واتە دوو بەش بۆ باپیر و٣ بەش ماوە هەر خوشکی یەك بەش .

٤) ٤خوشك لە داك وباب — باپیر :- بە موقاسەمە : چوار خوشك بە دووبرا حیسابن و باپیرەکەش وەك برایەك واتە سێ بەش بۆ باپیر یەك بەش و بۆ چوار خوشکەکە دوو بەش .

٥) ٥ خوشك لە داك و باب — باپیر : ژمارەیان ٧ بۆ باپیر ٢ بەش و ماوە ٥ بەش هەر خوشکی یەك بەش .

خوشکانی لە باب

٦) ١خوشك لە باب — باپیر :- باپیر وەکو برا ئەژمار دەکری واتە دووبەش بۆ باپیر و بەشیك بۆ خوشکەکە

٧) ٢خوشك لە باب — باپیر :- بەهەمان شیوە باپیر وەك برایەك وایە واتە نیوە بۆ باپیر و نیوەکەی تر بۆ دوو خوشکەکە.

٨) ٣ خوشك لە باب — باپیر :- بە موقاسەمە وەك ئەوانەی پیشو ژمارەیان ٥ واتە دوو بەش بۆ باپیر و٣ بەش ماوە هەر خوشکی یەك بەش .

٩) ٤خوشك لە باب — باپیر :- بە موقاسەمە : چوار خوشك بە دووبرا حیسابن و باپیرەکەش وەك برایەك واتە سێ بەش بۆ باپیر یەك بەش و بۆ چوار خوشکەکە دوو بەش .

١٠) ٥ خوشك لە باب — باپیر : ژمارەیان ٧ بۆ باپیر ٢ بەش و ماوە ٥ بەش هەر خوشکی یەك بەش .

برایانی لە داك وباب

١- ١ برا لە داك وباب — باپیر : بە موقاسەمە بۆ براکە نیوەو و نیوەکەی تر بۆ باپیر.

٢- ٢برا لە داك وباب - باپیر : بە موقاسەمەو سێیەك وەکو یەکە بۆ باپیر : بەشیکی باپیر و هەر برای بەشیك.

٣- ٣برا لە داك وباب – باپیر : باپیر بەشیك و هەربرای بەشیك واتە لە ٤ بەشە .

برایانی لە باب

١-١ برا لە باب – باپیر : بە موقاسەمە بۆ براكە نیوەو و نیوەكەی تر بۆ باپیر.

٢- ٢برا لە باب- باپیر : بە موقاسەمەو سێیەك وەكو یەكە بۆ باپیر : بەشیكی باپیر و هەر برای بەشیك.

٣- ٣برا لە باب – باپیر : باپیر بەشیك و هەربرای بەشیك واتە لە ٤ بەشە .

خوشك وبرای لە داك وباب

٣خوشك لە داك وباب – ١ برا لە داك وباب – باپیر : سێیەك بۆ باپیر باشترە واتە یەك بەش بۆ باپیر و ماوە لە نیوان ٣ خوشك وبراكە للذكر مثل حظ الانثثین

خوشك وبرای لەباب

٣خوشكلەباب – ٢ برا لەباب – باپیر : سێیەك بۆ باپیر باشترە واتە یەك بەش بۆ باپیر و ماوە لە نیوان ٤ خوشك و٢براكە للذكر مثل حظ الانثثین.

مەسئەلەی دووەم: هەبونی خاوەن بەشی دیاری كراو لە مەسئەلەدا

مەبەستمان لەو خاوەن بەشانەی لەگەل مەسئەلەی باپیر هەن ئەمانە دەگریتەوە : ژن و میرد و داك و داپیر و كچ و كچی كور .

لەم حالەتەدا : واتە ئەگەر خاوەن بەش هەبێ لە مەزهەبی زەید:-

بۆ باپیر یەك لەم سێ حالەتانەیە: موقاسەمە – سێیەكی ماوە – شەش یەكی هەموو میراتەكە .

نمونەكانی ئەم مەسئەلەیە:-

خاوەن بەش داپیر بێ

لەم حالەتەدا بۆ باپیر سێ حالەتە ﴿ مقاسمە – موقاسەمەو سێیەكی ماوە وەكو یەك بن – سێیەكی ماوە ﴾

١- داپیر – برا – باپیر : شەش یەك بۆ داپیر ، و موقاسمە باشترە بۆ باپیر واتە ماوە بەیەكسانی دابەش دەكری لە نیوان باپیر و براكە .

٢- داپیر – ٢برا – باپیر : شەش یەك بۆ داپیر ، ماوە بە موقاسەمەو سێیەكی ماوە وەكو یەكە بۆ باپیر و دوبراكە.

٣- داپیر – ٣ برا – باپیر : شەش یەك بۆ داپیر، سێیەكی ماوە باشترە بۆ باپیر و ماوەش دوای باپیرەكە بۆ ٣ براكە .

خاوەن بەش داك بیت لەكاتیك شەش یەكی هەبیت

لەم حالەتەدا بۆ باپیر سێ حالەتە ﴿ مقاسمە – موقاسەمەو سێیەکی ماوە وەکو یەك بن – سێیەکی ماوە ﴾

١- داك – باپیر – ١ برا – ١ خوشك: شەش یەکی داك ، ماوە بە موقاسمە باشترە بۆ باپیر لەگەل خوشك وبراکە.

٢- داك – ٢برا – باپیر : شەش یەك بۆ داك ، ماوە بە موقاسەمەو سێیەکی ماوە وەکو یەکە بۆ باپیر و دوبراکە.

٣- داك – ٣ برا – باپیر : شەش یەك بۆ داك، سێیەکی ماوە باشترە بۆ باپیر و ماوەش دوای باپیرەکە بۆ ٣ براکە.

خاوەن بەش ژنی مردوەکەیە

لەم حالەتەدا بۆ باپیر سێ حالەتە ﴿ مقاسمە – موقاسەمەو سێیەکی ماوە وەکو یەك بن – سێیەکی ماوە ﴾

١- ژن – باپیر – برا : بۆ ژنەکە چواریەك – ماوە بە موقاسەمە لە نیوان باپیر و براکە .

٢- ژن – باپیر – ٢برا : چواریەك یەك بۆ ژن ، ماوە بە موقاسەمەو سێیەکی ماوە وەکو یەکە بۆ باپیر و دوبراکە.

٣- ژن – ٣ برا – باپیر : چواریەك یەك بۆ ژن، سێیەکی ماوە باشترە بۆ باپیر و ماوەش دوای باپیرەکە بۆ ٣ براکە.

خاوەن بەش دایکی مردوەکە بیت کە سێیەکی هەبی

لیرەدا تەنها موقاسەمە بۆ باپیر دەبیت

١- داك – باپیر – ١ خوشك: سێیەکی داك ، ماوە بە موقاسەمە لە نیوان باپیر و خوشکەکە.

٢- داك – باپیر – ٢ برا: سێیەکی داك ، ماوە بە موقاسەمە لە نیوان باپیر و ٢ براکە .

دوو خاوەن بەش هەیە ژن و داك {داکەکە شەش یەکی هەبیت}

لەم حالەتەدا بۆ باپیر سێ حالەتە ﴿ مقاسمە – موقاسەمەو سێیەکی ماوە وەکو یەك بن – سێیەکی ماوە ﴾

١- ژن – داك – باپیر – ١ برا – ١ خوشك :- چواریەکی ژنەکە ، شەش یەکی داك ، ماوە بە موقاسەمە لە نیوان باپیر و خوشك وبراکە .

٢- ژن – داك – باپیر – ٢ برا : چواریەکی ژنەکە ، شەش یەکی داك ، ماوە بە موقاسەمە و سێیەکی ماوە وەکو یەکە لە نیوان باپیر و ٢براکە .

٣- ژن – داك – باپیر – ٣ برا : چواریەکی ژنەکە ، شەش یەکی داك ، ماوە بە سێیەکی ماوە بۆ باپیر وماوەی دوای باپیر بۆ ٣ براکە .

دوو خاوەن بەش {ژن و داپیر } لە مەسئەلە

لەم حالەتەدا بۆ باپیر سێ حالەتە ﴿ مقاسمە – موقاسەمەو سێیەکی ماوە وەکو یەك بن – سێیەکی ماوە ﴾

١- ژن – داپیر– باپیر – ١ برا – ١ خوشك :- چواریەکی ژنەکە ، شەش یەکی داپیر ، ماوە بە موقاسەمە لە نیوان باپیر و خوشك وبراکە .

٢- ژن – داپیر – باپیر – ٢ برا : چواریەکی ژنەکە ، شەش یەکی داپیر ، ماوە بە موقاسەمە و سێیەکی ماوە وەکو یەکە لە نیوان باپیر و ٢براکە .

٣- ژن – داپیر – باپیر – ٣ برا : چواریەکی ژنەکە ، شەش یەکی داپیر، ماوە بە سێیەکی ماوە بۆ باپیر وماوەی دوای باپیر بۆ ٣ براکە .

خاوەن بەش مێردی مردوەکە بیت

لەم حالەتە باپیر یەك لەم چوار حالەتانەی هەیە : { مقاسمە – مقاسمە و سییەکی ماوە وەکو یەك – سییەکی ماوە – مقاسمەو سێیەکی ماوەو شەش یەك وەکو یەك بن }

١- مێرد – باپیر – برا : بۆ میردەکە نیوە ، و ماوە لە نیوان باپیر و براکە بە مقاسمە .

٢- میرد - باپیر – ٢ برا:- بۆ میردەکە نیوە ، و ماوە لە نیوان باپیر و براکە بە مقاسمە و سێیەکی ماوەو شەش یەك وەکو یەکن بەهەر کامیان بی هەمان بەشە.

٣- میرد - باپیر – ٣ برا :- بۆ میردەکە نیوە ، و ماوە بۆ باپیر بە سێیەکی ماوەو شەش یەك وەکو یەکن بەهەر کامیان بی هەمان بەشە و ماوەی دوای باپیر بۆ ٣ براکە .

دوو خاوەن بەش هەبیت { ژن و داك ئەگەر داکەکە سێیەکی هەبیت}

لیرەدا باپیر یەك حالەتی هەیە تەنها مقاسمە

١- ژن – داك – ١ خوشك – باپیر : ژنەکە چواریەك ، داکەکە سێیەك ، ماوە بە مقاسمە لە نیوان باپیر و خوشکەکە دوبەشی باپیر و بەشیکی خوشکەکە.

٢- ژن – داك – ١ برا – باپیر :- ژنەکە چواریەك ، داکەکە سێیەك ، ماوە بە مقاسمە لە نیوان باپیر و براکە.

دوو خاوەن بەش هەبێت{ میرد و داك ئەگەر داکەکە شەش یەکی هەبێ}

لەم حالەتە باپیر یەك لەو دوانەی هەیە : {مقاسمە و شەش یەك وەکو یەکن – شەش یەك }

١- میرد – داك – ٢ خوشك – باپیر:- میردەكە نیوە ، داكەكە شەش یەك ، ماوە لە نیوان براو باپیر بە موقاسەمە یان شەش یەك بۆ باپیر و ماوە بۆ براكە .

٢- میرد – داك – باپیر – ٢ برا : میردەكە نیوە ، داكەكە شەش یەك ، و شەش یەك بۆ باپیر و ماوە بۆ ٢براكە.

دوو خاوەن بەش هەبیت { میرد – داپیر }

بۆ باپیر { مقاسمە – مقاسمە یان شەش یەك وەكو یەكن – شەش یەك }

١- میرد – خوشك – باپیر – داپیر : میردەكە نیوەی هەیە ، داپیرەكە شەش یەك ، بۆ باپیر و خوشكەكە مقاسمە دوبەشی باپیر و بەشیكی خوشكەكە .

٢- میرد – داپیر – ٢ خوشك – باپیر:- میردەكە نیوە ، داپیرەكە شەش یەك ، ماوە لە نیوان دوو خوشك و باپیر بە موقاسەمە یان شەش یەك بۆ باپیر و ماوە بۆدوو خوشكەكە .

٣- میرد – داپیر– باپیر – ٢ برا : میردەكە نیوە ، داپیرەكە شەش یەك ، و شەش یەك بۆ باپیر و ماوە بۆ ٢براكە.

٤- میرد – داك – برا – باپیر : بۆ میردەكە نیوە ، و بۆ دایكەكە سێیەك ز بۆ باپیر شەش یەك ، هیچ بۆ براكە نەماوە .

مەسئەلەی الاكدریە

مەسەلەی ئەكدەریە واتە مەسەلەی شێلو تێكەلاو كە میراتگرەكان ئەمانەن (مێرد – داك – باپیر – (١)خوشك لە داك وباب یان لە باب) :

مێرد	داك	باپیر	خوشك لە داك وباب یان لەباب	مساله
٢\١	٣\١	٦\١	٢\١	٦
٣	٢	١	٣	عول بۆ (٩)

لەم حالەتەدا هەرچەندە خوشكەكە نیوەی هەیە بەشەكەی خۆی كە (٣) بەشە لەگەل باشی باپیر كە (١) یەك بەشە كۆدەكرێتەوە دەبێ بە چوار بەش لەم چوار بەشە (٢) دوو بەشی بۆ باپیر دەبێ و (٣\١) بۆ خوشكەكە دەبێ وە مەخرەجی باپیر ٣\٢ و مەخرەجی خوشكەكە ٣\١ واتە مەسەلەكە(٣) جارانی مەسەلەی یەكەم (٩) دەكاتە (٢٧) بەم شێوەیە

مێرد	داك	باپیر	خوشك له داك وباب یان له باب	مساله
٢\١	٣\١	٦\١	٢\١	٦
٣	٢	١	٣	عول بۆ -٩-
٣×٣	٣×٢	٣×١	٣×٣	٢٧=٣×٩
٩	٦	٣	٩	
		٩+٣		
		٨ ١٢ ٤		

مەسئەلەی سێیەم ئەژمار كردنی خوشك وبرایانی لەباب خوشك وبرایانی له داك وباب بەرامبەر به باپیر

پێی دەگوترێ مەسئەلەی – المعاده- واته خوشك وبرایانی لەباب ئەگەر لەمەسەلەی باپیر هەبن لەگەل خوشك وبرایانی له داك وباب هەرچەنده خوشك و برایانی له باب بێبەشن به برایانی له داك وباب بەلام بەرامبەر باپیر ئەژمار دەكرین به له داك وباب ئینجا كه باپیر بەشی خۆی وەرگرت بەشەكانی خۆیان دەدەنەوه خوشك وبرایانی له داك وباب :

ئەم مەسئەالەش هەشت حالەتی تێدایه:-

حالەتی یەكەم:- تەنها نێرینه لەداك و باب و براوخوشك لەباب و باپیر هەبی و خاوەن بەش نەبی :

نمونەكان:-

١) ١ برا لەداك وباب – ١ برا لەباب – باپیر :- ژمارەیان ٣ یه هەریەكەو بەشیك پاش وەرگرتنی باپیر برا لەباب بەشی خوی دەداتەوه به برا لەداك وباب واته خۆی بێبەش دەبێ وباپیر یەك بەش و برا لەداك وباب ٢ بەش.

٢) ٢ برا لەداك وباب – ١ برا لەباب – باپیر :- ژمارەیان ٤ بۆ باپیر چواریەك واته بەشیكی تەواو بەلام نابی باپیر له سییەكی كەمتر هەبی بۆیه سێیەك دەباو ماوه بۆ ٢برا له داك وبابەكه دەبی و برا لەباب بێبەش دەبی .

٣) ١ برا لەداك وباب – ١ خوشك لەباب – باپیر :- ژمارەیان ٥ باپیرەكه ٢ بەش و برا لەداك وباب ٢ بەش و خوشكەكەی لەباب یەك بەش بەلام خوشك لەباب بەشی دەداتەوه برا له داك وباب واته باپیر ٢ بەش و برا لەداك وباب ٣ بەش.

حالەتی دووەم:- تەنها برا له داك وباب هەبی و خاوەن بەش هەبێ:-

١) داپیر – ١ برا لەداك وباب – برا لەباب – باپیر :- داپیرەکە شەش یەك و ماوه ٥ بەش و ژمارەیان جگە لە داپیر سێ کەسن بۆ باپیر سێیەکی ماوەو موقاسەمە وەکو یەکە و ماوەی دوای داپیر و باپیر بۆ دوبراکە ئینجا براکەی لەباب بەشی خۆی دەداتەوە برا لە داك وباب وبرای لەباب بیبەش دەبی .

داپیر	باپیر	برا لەداك وباب	برا لەباب	مەسئەلە	چاکردن
١/٦	ماوه ٥ ×٣=١٥			٦	٣×٦
١	١/٣ی ماوه یان مقاسمە	ماوه	×		١٨
٣=٣×١	٥	١٠	×		

٢) داپیر – ٢ برا لەداك وباب – برا لەباب – باپیر :- بۆ داپیرەکە شەش یەك و بۆ باپیر سێیەکی ماوه باشترە و ماوەی دوای باپیر و داپیر بۆ ٣ براکە ئینجا برا لە باب بەشی خۆی رەت دەکاتەوە بۆ ٢براکەی لەداك وباب .

داپیر	باپیر	٢برا لەداك وباب	برا لەباب	مەسئەلە	چاکردن
١/٦	ماوه ٥ ×٣=١٥			٦	٣×٦
١	١/٣ی ماوه	ماوه	×		١٨
٣=٣×١	٥	١٠	×		

٣) داپیر – ١برا لە داك وباب – خوشك لە باب – باپیر :- داپیرەکە شەش یەك و ماوه بە موقاسەمە ٢بەشی باپیر و ٢بەشی برای لەداك وباب و ١ بەشی خوشکەکە ئینجا کە باپیر بەشی خۆی وەرگرت خوشکەکە بەشی خۆی رەت دەکاتەوە بۆ برای لە داك وباب . واتە براکە دەبی بە ٣بەش

حالەتی سێیەم:- بەیەکەوە کۆبونەوەی نیر و می لەداك وباب لەگەل لە باب و لەگەل باپیر بەلام خاوەن بەشی دیاری کراو نیە:

١) باپیر – ١ برا لەداك وباب – ١ خوشك لە داك وباب – ١ برا لەباب:- لەبەر ئەوەی خاوەن بەش نیە لە مەسئەلە بۆ باپیربە سێیەکی میراتەکە باشترە ئینجا دووبەشەکەی ماوه بۆ خوشك وبراکان دەبیت پاشان براکەی لەباب بەشی خۆی رەت دەکاتەوە بۆ خوشك وبرای لەداك وباب ئەوانیش دەیکەن بە للذکر مثل حظ الانثیین

باپیر	برا له داك وباب	خوشك له داك وباب	برا لەباب	مەسئەله	چاكردن
١/٣	ماوه (٢)			٣	٥×٣
٥×١	١٠=٥×٢				١٥
٥	٤	٢ →	٤		٣×١٥
٥	٣٠=٣×١٠		×		٤٥
١٥	٢٠	١٠	×		

٢) باپیر – ١ برا لەداك وباب – ٢ خوشك له داك وباب – ١ برا لەباب:- لەبەر ئەوەی خاوەن بەش نیه له مەسئەله بۆ باپیربە سێیەكی میراتەكه باشترە ئینجا دووبەشەكەی ماوه بۆ خوشك وبراكان دەبێت پاشان براكەی لەباب بەشی خۆی رەت دەكاتەوە بۆ خوشك وبرای لەداك وباب ئەوانیش دەیكەن به للذكر مثل حظ الانثیین

باپیر	برا له داك وباب	٢خوشك له داك وباب		برا لەباب	مەسئەله	چاكردن
١/٣	ماوه (٢)				٣	٦×٣
٦×١	١٢=٦×٢					١٨
٦	٤	٤ →		٤		
٦	١٢			×		
٦	٦	٣	٣	×		

حالەتی چوارەم:- بەیەكەوە كۆبونەوەی نێر و مێ لەداك وباب لەگەل له باب و لەگەل باپیر وە خاوەن بەشی دیاری كراو هەیه له مەسئەلەكەدا :-

١) داپیر – باپیر – ١ برا له داك وباب – ١خوشك له داك وباب – ١ برا لەباب :- داپیرەكه شەش یەكی هەیەو بۆ باپیر سێیەكی ماوه باشترە و ماوه بۆ خوشك وبراكان پاشان براكەی لەباب بەشی خۆی دەداتەوە خوشك وبرای له داك وباب خۆی بێبەش دەبێ ئەوانیش للذكر مثل حظ الانثیین .

٢) داپیر – باپیر – ١ برا له داك وباب – ٢خوشك له داك وباب – ١ برا لەباب :- داپیرەكه شەش یەكی هەیەو بۆ باپیر سێیەكی ماوه باشترە و ماوه بۆ خوشك وبراكان پاشان براكەی لەباب بەشی خۆی دەداتەوە خوشك وبرای له داك وباب خۆی بێبەش دەبێ ئەوانیش للذكر مثل حظ الانثیین .

حالەتی پێنجەم:- تەنها خوشك لەداك وباب جا یەك یان زیاتر لەگەل باپیر و خوشك وبرایانی له باب :-

١) باپیر – ١خوشك لە داك وباب – ١ خوشك لە باب :- موقاسەمە بۆ باپیر باشترە بە نیوە بۆ باپیر ١بەش و بۆ دوو خوشكەكە ١ بەش ئینجا خوشكەكەی لە داك وباب نیوەی خۆی تەواو دەكا بەشەكەی لە خوشكەكەی لەباب وەردەگریتەوە دەبیتە نیوە و خوشكەكەی لە باب بیبەش دەبێ.

٢) باپیر – ١خوشك لە داك وباب – ١ برا لە باب :- موقاسەمە بۆ باپیر باشترە بە نیوە بۆ باپیر ١بەش و بۆ دوو خوشكەكە ١ بەش ئینجا خوشكەكەی لە داك وباب نیوەی خۆی تەواو دەكا بەشەكەی لە براكەی لەباب وەردەگریتەوە كە دەبیتە نیوە واتە بەشیك و نیوی لە براكە وەردەگریتەوە و ماوە بۆ براكەی لەباب دەمینیتەوە :

باپیر	١خوشك لە داك وباب	١ برا لەباب	مەسئەلە	چاكردن
	بە مقاسمە		٥	٢×٥
٢	نیوەی تەواوی مەسئەلە	٢		١٠
٢×٢=٤	٢,٥×٢=٥	٠,٥×٢=١		

٣) باپیر – ١خوشك لە داك وباب – ١برا لە باب -١ خوشك لە باب :- بۆ باپیر سێیەك باشترە ونیوە بۆ خوشكەكەی لە داك وباب پاش ئەوەی بەشی خۆی لە خوشك وبرای لەباب وەردەگریتەوە تا نیوەی خۆی تەواو دەكات و ماوە شەش یەك بۆ خوشك وبرای لەباب للذكر مثل حظ الانثیین .

باپیر	خوشك لە داك وباب	برا لەباب	خوشك لەباب	مەسئەلە	چاكردن
١/٣				٣	٢×٣
١×٢	٢×٢				٦
٢	١	٢	١		٦×٣
٢	١+ ٢=٣	پاش ئەوەی ٢ بەشیان رەت كردەوە بۆ خوشك لەداك وباب ماوە ١ ×٣=٣			١٨
٢×٣=٦	٣×٣=٩	٢	١		

٣) باپیر – خوشك لە داك و باب – ٢ برا لەباب:- بۆ باپیر سێیەكی میرات و نیوەی تەواویش بۆ خوشكەكە كە لە دوبراكەی لەباب بەشی خۆی تەواو دەكات ئینجا ماوە شەش یەك بۆ دو براكەی لە باب .

٤) باپیر – ١خوشك لە داك وباب – ٢ برا لە باب – ١خوشك لە باب :- بۆ باپیر سێیەكی میرات و بۆ خوشكەكە نیوەی تەواو و ماوە بۆ خوشكو برای لە باب للذكر مثل حظ الانثیین .

باپیر	١خوشك له داك وباب	٢برا لەباب	خوشك لەباب	مەسئەلە	چاكردن
١/٣				٣	٣×٣
٣×١	٣×٢				٩
٣	١	٤	١		٢×٩
٣	١+ ٣,٥=٤,٥	پاش ئەوەی ٣,٥ بەشیان رەت كردەوە بۆ خوشك لەداك وباب ماوە ١,٥ ×٢=٣			٣×١٨
٦=٢×٣	٩=٢×٤,٥	٢	١		٥٤
١٨=٣×٦	٢٧=٣×٩	٦=٣×٢	٣=٣×١		

٥) باپیر – خوشك له داك و باب – ٣ برا لەباب:- بۆ باپیر سێیەكی میرات و نیوەی تەواویش بۆ خوشكەكە كە له دوبراكەی لەباب بەشی خۆی تەواو دەكات ئینجا ماوە شەش یەك بۆ ٣ براكەی له باب .

حالەتی شەشەم :- یەك خوشك له داك وباب زیاتر نەبی وە خاوەن بەش هەبی لەگەل باپیر و له باب :

١) داپیر – باپیر – ١ خوشك له داك و باب – ١ خوشك له باب :- داپیرەكە شەش یەكە و بۆ باپیر موقاسەمە باشترە پاشان خوشكەكەی له داك وباب نیوەی خۆی تەواو دەكات له وەرگرتنەوەی له خوشك له باب

داپیر	باپیر	خوشك له داك وباب	خوشك له باب	مەسئەلە	راستكردنەوە
١/٦	ماوە ٥×٢=١٠ بە مـــــــــقاســـــــــمە			٦	٢×٦
٢×١	٥	٥	×		١٢
٢	٥	٥	×		

٢) داپیر – باپیر – ١ خوشك لەداك وباب – ١ برا له باب :- داپیرەكە شەش یەك و بۆ باپیر مقاسمە ئینجا خوشكەكەی له داك وباب بەشی برای لەباب بۆخۆی دەگێریتەوە تا بەشی خۆی تەواو كات :

داپیر	باپیر	خوشك له داك وباب	برا له باب	مەسئەلە	راستكردنەوە
١/٦	ماوە ٥ بە مـــــــــقاســـــــــمە			٦	٦
١	٢	١	٢		
١	٢	٣	×		

٣) داپیر – باپیر – ١ خوشك له داك وباب – ٢برا له باب:- داپیرەكه شەش یەك و بۆ باپیر سێیەكی ماوە ئینجا خوشكەكەی له داك وباب بەشی برای لەباب بۆخۆی دەگێریتەوە تا بەشی خۆی تەواو كات :

داپیر	باپیر	خوشك له داك وباب	٢برا له باب	مەسئەله	راستكردنەوە
١/٦	١/٣ی ماوە	ماوە		٦	٣×٦
٣×١	٥	٩{نیوەی میرات}	١		٢×١٨
٦=٢×٣	١٠=٢×٥	١٨=٢×٩	٢=٢×١		٣٦

٤) داپیر – باپیر – ١ خوشك له داك وباب – ١خوشك لەباب – ٢ برا لەباب :- داپیرەكه شەش یەك و بۆ باپیر سێیەكی ماوە ئینجا خوشكەكەی له داك وباب بەشی له خوشك و برای لەباب بۆخۆی دەگێریتەوە تا بەشی خۆی تەواو كات :

داپیر	باپیر	خوشك له داك وباب	٢برا له باب	١خوشك له باب		مەسئەله	راستكردنەوە
١/٦	١/٣ی ماوە	ماوە				٦	٣×٦
٣×١	٥	٩{نیوەی میرات}		١			٥×١٨
١٥=٥×٣	٢٥=٥×٥	٤٥=٥×٩	٤	٥=٥×١	١		٩٠

٥) داپیر – باپیر – ١ خوشك له داك وباب – ٣برا لەباب :- داپیرەكه شەش یەك و بۆ باپیر سێیەكی ماوە ئینجا خوشكەكەی له داك وباب بەشی له براكانی له باب بۆخۆی دەگێریتەوە تا بەشی خۆی تەواو كات و ماوەش بۆ ٣برا له باب دەبی .

داپیر	باپیر	خوشك له داك وباب	٣برا له باب	مەسئەله	راستكردنەوە
١/٦	١/٣ی ماوە	ماوە		٦	٣×٦
٣× ١	٥	نیوەی تەواو دەبات	ماوە		٣×١٨
٩=٣×٣	١٥=٣×٥	٢٧=٣×٩	٣=٣×١		٥٤

٦) داپیر – باپیر – خوشك له داك وباب – ١ برا له باب – ١ خوشك له باب :- داپیرەكه شەش یەك و بۆ باپیر موقاسەمە ئینجا خوشكەكەی له داك وباب بەشی له خوشك و برای لەباب بۆخۆی دەگێریتەوە تا بەشی خۆی تەواو كات :

داپیر	باپیر	خوشك له داك وباب	١برا له باب	١خوشك له باب	مەسئەلە	راستكردنەوە
١/٦	مـــقـــاســـمـــه				٦	٦×٦
٦×١	١٠	٥	١٠	٥		٣×٣٦
٣٠=٣×٦	٣٠=٣×١٠	٥+١٣=١٨ ×٣= ٥٤ پاش وەرگرتنەوە	پاش گەراندنەوە بۆ خوشك لەداك وباب ماوە ٢×٣=٦			١٠٨

حالەتی حەوتەم:- هەبونی ٢خوشك له داك وباب و زیاتر لەمەسەلەی باپیر و نەبونی خاوەن بەش :

١) باپیر – ٢ خوشك له داك وباب – ١ خوشك له باب :-بە موقاسەمە باشترە لۆ باپیر ٢بەش و ماوە ٣بەش بۆ دوو خوشكەكەی له داك وباب ، خوشكە لەباب هیچی بەر ناكەوێ.

٢) باپیر- ٢خوشك له داك وباب – ١ برا لەباب : گەر دوو خوشكەكە لەداك وباب بە نیر حیساب بكەین واتە ژمارەی سەرەكان ٣ بۆ باپیر یەك بەش و دوو بەشی ماوە بۆ ٢ خوشك له داك وباب و هیچ نامینیتەوە بۆ برا له باب.

٣) باپیر – ٣ خوشك له داك وباب – وبرا لەباب : بۆ باپیر سییەك و ماوە بۆ ٢ بەش كە ٢/٣ خوشكەكانی له داك وبابە واتە هیچ بۆ برا لەباب نەماوە .

حالەتی هەشتەم و كۆتایی:- هەبونی ٢خوشك له داك وباب و زیاتر لەمەسەلەی باپیر و هەبونی خاوەن بەش :

١) داك – ٢ خوشك له داك وباب – ١ خوشك له باب – باپیر : داك شەش یەكە ، و ماوە بە موقاسمە له نیوان باپیر و خوشكان بەلام كاتیك خوشكانی له داك و باب دوو سێیەكی خۆیان دەوی ئەوا هیچ بۆ خوشك له باب نامینیتەوە

داك	باپیر	٢خوشك له داك وباب	١خوشك له باب	مەسئەلە	راستكردنەوە
١/٦	مقاسمه			٦	٢×٦
١	٢	٢	١		١٢
٢=٢×١	٤=٢×٢	٦=٢×٣	×		

٢) داپیر – باپیر – ٣ خوشك له داك وباب – ١ خوشك له باب :- بۆ داپیرەكە شەش یەك و ماوە بە موقاسمە له نیوان باپیر و خوشكان بەلام كاتیك خوشكانی له داك و باب دوو سێیەكی خۆیان دەوی ئەوا هیچ بۆ خوشك له باب نامینیتەوە

داپیر	باپیر	٣خوشك له داك وباب	خوشك له باب	مەسئەله	راستكردنەوه
١/٦	ماوه ٥×٦=٣٠ به مــــقاســـــمه			٦	٦×٦
٦×١	١٠	١٥ →	٥		٣×٣٦
١٨=٣×٦	٣٠=٣×١٠	٦٠=٣×٢٠	×		١٠٨

٣) داپیر – باپیر – ٣ خوشك له داك وباب – ٢ خوشك لەباب :- داپیرەكه شەش یەك و بۆ باپیر سێیەكی ماوه ئینجا خوشكەكانی له داك وباب بەشیان له خوشكانی له باب بۆخۆیان دەگێرنەوه تا بەشی خۆیان تەواو كەن و خوشكانی له باب هیچیان بۆ نامینیتەوه

داپیر	باپیر	٣خوشك له داك وباب	٢ خوشك له باب	مەسئەله	راستكردنەوه
١/٦	١/٣ی ماوه	ماوه		٦	٣×٦
٣× ١	٥	١٠	×		٣×١٨
٩=٣×٣	١٥=٣×٥	٣٠=٣×١٠	×		٥٤

مەسئەلەی چوارەم: یەك جۆره خوشك لەمەسەلەی باپیر

واته ئەو خوشكانەن كه عەصەبەیان لەگەلدا نیه جا لەمەسەلەدا خاوەن بەشی دیاری كراو هەبی یان نەبی تەنها ئەوەندە نەبیت ئەگەر هاتوو خاوەن بەش هەبیت بەشی باپیر له شەش یەك كەمتر نابی و ئەگەر خاوەن بەش نەبیت بەشی باپیر له سێیەك كەمتر نابیت . لەسەر مەزهەبی زەید رەزای خوای لەسەر بێ خوشك لەگەل باپیر بەخاوەن بەش دانانرێ بەلكو دەبن به عصبه مع الغیر ئەگەر خاوەن بەش نەبیت له مەسئەله ، وه ئەگەر خاوەن بەش هەبیت ئەوا ماوەی دوای خاوەن بەش دەبەن لەگەل باپیر به للذكر مثل حظ الانثیین . تەنها ئەكدەریه نەبیت لەم مەسئەله جودایه واته بەو مەسئەله ناكریت بەلام له كۆتاكەی هەر دەبیته للذكر مثل حظ الانثیین.

نمونەكانی ئەم مەسئەله ئەگەر خاوەن بەش نەبیت:-

١) باپیر – خوشك له داك وباب : بۆ باپیر ٢بەش و بۆ خوشك ١ بەش للذكر مثل حظ الانثیین

٢) ٢ خوشك له باب – باپیر : بۆ باپیر ٢ بەش و بۆ ٢ خوشك ٢ بەش للذكر مثل حظ الانثیین

٣) باپیر – ٣ خوشك له داك وباب : بۆ باپیر ٢ بەش و بۆ ٣ بەش للذكر مثل حظ الانثیین

٤) باپیر – ٤خوشك لەباب :بۆ باپیر ٢ بەش و بۆ ٤ خوشك ٤بەش للذكر مثل حظ الانثیین

٥) باپیر – ٥ خوشك لە داك وباب :- بۆ باپیر ٢ بەش و بۆ ٥ خوشكەكە ٥ بەش للذكر مثل حظ الانثیین

٦) ٦خوشك لە باب – باپیر : بۆ باپیر ٢ بەش و بۆ ٦ خوشك ٦ بەش للذكر مثل حظ الانثیین

نمونەكانی ئەم مەسئەلە ئەگەر خاوەن بەش هەبیت:-

١) داپیر – باپیر – خوشك لە داك وباب :- بۆ داپیر شەش یەك ، ماوە بۆ بۆ باپیر و خوشك للذكر مثل حظ الانثیین

٢) ژن – ٢خوشك لە باب – باپیر : بۆ ژنەكە چواریەك و ماوە بۆ باپیر و خوشەكان للذكر مثل حظ الانثیین

٣) مێرد – ٢خوشك لە داك وباب – باپیر :- بۆ میردەكە نیوە و ماوە لە نیوان خوشكان و باپیر للذكر مثل حظ الانثیین

٤) میرد – داپیر – ٢خوشك لە باب – باپیر : بۆ میردەكە نیوە و بۆ داپیرەكە شەش یەك و ماوە لە نیوان خوشكان وباپیر للذكر مثل حظ الانثیین

٥) میرد – داك – ٤خوشك لە داك وباب – باپیر :- بۆ میردەكە نیوە و بۆ دایكەكە شەش یەك و بۆ باپیر شەش یەك و ماوە بۆ خوشكەكان

٦) مێرد – ٤خوشك لەباب – باپیر :- بۆ میردەكە نیوەو بۆ باپیر و خوشكەكە للذكر مثل حظ الانثیین .

<u>مەسئەلەی پێنجەم:- هەبونی كچانی مردوو یان كچانی كوری مردوو لە مەسەلەی باپیرو خوشك وبرا</u>

به گوێرەی مەزهەبی زەید: فەرعەكە واتە كچەكە بەشی دیاری كراوی خۆی و ماوە بە مقاسمە لە نیوان باپیر و خوشك وبرا للذكر مثل حظ الانثیین .

نمونەكان :-

١)كچ- خوشك – باپیر : بۆ كچەكە نیوە وماوە لە نیوان باپیر و خوشك للذكر مثل حظ الانثیین

٢) كچ- برا – باپیر :- بۆ كچەكە نیوە و ماوە لە نیوان برا و باپیر بە نیوە .

٣) كچ – ٢ برا – باپیر :- بۆ كچەكە نیوە وماوە لە نیوان ٢براو باپیر بەیەكسانی یان شەش یەك بۆ باپیر و ماوە بۆ ٢براكە.

٤) كچ – ٢برا لە داك وباب و ١خوشك لە داك وباب :- بۆ كچەكە نیوە و بۆ باپیر شەش یەك و ماوە بۆ خوشك وبراكان للذكر مثل حظ الانثیین

٥) ٢كچ – خوشك – باپیر :- بۆ ٢ كچەكە دوو سێیەك و ماوە لە نیوان باپیر و خوشكەكە للذكر مثل حظ الانثیین

٦) كچ – كچی كور – برا – باپیر : بۆ كچەكە نیوە و بۆ كچی كور شەش یەك و ماوە لە نیوان باپیر و برا مقاسمە

٧) ٣كچ- ٢برا – باپیر : بۆ ٣ كچەكە دوو سێیەك و شەش یەك بۆ باپیر و ماوە بۆ ٢ براكە .

٨) داك – كچ – خوشك – باپیر :- داك شەش یەك و كچەكە نیوە و ماوە لە نیوان باپیر و خوشكەكە للذكر مثل حظ الانثیین

٩) داك – كچ – برا – باپیر :- داك شەش یەك و كچەكە نیوەو شەش یەك بۆ باپیر و ماوە بۆ برا یان ماوە بە مقاسمە لە نیوان باپیر و برا .

١٠) داك – كچ – ٢ برا – باپیر :- داكەكە شەش یەك و كچەكە نیوە و بۆ باپیر شەش یەك و ماوە بۆ برا .

١١) ٢كچ – میرد – داك – برا لە داك وباب – خوشك – باپیر : بۆ ٢كچەكە دوو سێیەك وبۆ میردەكە چواریەك و بۆ دایكەكە شەش یەك میراتەكە تەواو بو بەلام مەسئەلەكە عەول دەكەین شەش یەك بۆ باپیر دادەنێین و خوشك وبراكانیش بیبەشن چونكە هیچ نەماوە .

١٢) ژن- داپیر – ٢كچ- خوشك وبرا لە داك وباب – باپیر : ژنەكە هەشت یەك و داپیر شەش یەك و دوو كچەكە دوو سێیەك و باپیر شەش یەك و هیچ بۆ خوشك وبرا نەماوە .

<u>مەسئەلەی شەشەم و كۆتایی بەباشتر دانانی بەشی داك لەسەربەشی باپیر</u>

ئەمە دوو مەسەلەی عومەریەتەین دەگرێتەوە : واتە مەسەلەی عومەریەتەین كە بریتی یە لە

١- میرد – داك – باب

٢- ژن – داك – باب

لەم دوو مەسەلەدا داك سێیەكی ماوەی دوای ژن و میردی بەردەكەوی و ماوە بۆ باب دەبی . بەلام ئەگەر لە جیگای باب باپیر هەبێ ئەوا داك سێیەكی تەواوی میرات دەبات واتە بەشی دایكەكە زیاتر دەبیت لەبەشی باپیر .

==

بەراورد کردن لە نیوان هەر سێ مەزهەبەکە لەو شەش مەسئەلانەی رابردوو

مەسئەلەی یەکەم : نەبونی خاوەن بەش لەمەسەلەی باپیرو خوشك وبرا:

مەزهەبی ئیمامی عەلی رەزای خوای لەسەربێ : جیاوازی نیە خاوەن بەش هەبی یان نەبی و باپیر لە مقاسەمە یەك لە دوو بەشی هەیە : مقاسمە و شەش یەك .

مەزهەبی عبداللە کوری مەسعود رەزای خوای لەسەربی: جیاوازی هەیە بە هەبونی خاوەن بەش و نەبونی .

هەردوو مەزهەب ریکن لەسەر ئەوە ئەگەر خاوەن بەش نەبی بۆ باپیر یان مقاسمە یان سێیەك وە لە سێیەك کەمتر نابی .

مەسئەلەی دووەم:- هەبونی خاوەن بەش لە مەسەلەی باپیر و خوشك وبرا :-

مەزهەبی زەید : خاوەن بەش بەشی خۆی وەردەگرێ و ئینجا بۆ باپیر یەك لەم حالەتانە : مقاسمە – سێیەکی ماوە – شەش یەك . وە نابی بەشی باپیر کەمتر بیت لە شەش یەك

مەزهەبی عبد اللە کوری مسعود: لە ریوایەتی ئەهلی حجاز وەکو بۆچونی زەیدە واتە بۆ باپیر یەك لەم حالەتانە : مقاسمە – سێیەکی ماوە – شەش یەك . وە نابی بەشی باپیر کەمتر بیت لە شەش یەك . وە لە ریوایەتی عیراقیەکان بەلای ئیمامی عەلی ر.خ بۆ باپیر : مقاسمە یان شەش یەك وە نابی بەشی باپیر کەمتر بیت لە شەش یەك .

مەسئەلەی سێیەم:- مەسئەلەی معادە واتە ئەژمار کردنی خوشك وبرایانی لەباب لەبەرامبەر باپیر کە وادەکەن باپیر کەمتری بەرکەوێ :

بە مەزهەبی ئیمامی عەلی ر.خ وعبداللە کوری مەسعود ر.خ معادە نیە واتە هەر لەسەرەتاوە خوشك وبرایانی لەباب بیبەش دەبن بە هەبونی برایانی لە داك وباب وەکو ئەوە وایە خوشك وبرای لەباب هەر بونیان نەبووە.

بەلام زەید ر.خ بەیەکەوەیان ئەژمار دەکاو زیان بە باپیر دەگەینن ئینجا خوشك وبرایانی لە باب بەشی خۆیان رەت دەکەنەوە بۆ خوشك وبرایانی لە داك وباب وە بەشی باپیر ئەگەر خاوەن بەش هەبی مقاسمە یان سییەکی ماوە یان شەش یەکە و ئەگەر خاوەن بەش نەبیت باپیر بە مقاسمە یان سێیەکە ئەگەر شتەك ماوە بۆ خوشك وبرایانی لە باب دەبێ.

مەسئەلەی چوارەم:- هەبونی یەك جۆرە خوشك :-

لەلای ئیمامی عەلی و عبداللە کوری مەسعود ر.خ باپیر نابی بە عصبە لەگەل خوشکەکان بەلکو بەشی خۆیان وەردەگرن و ماوە بۆ باپیر دەبی بە عصبە بالنفس.

وە لەلای زەید ر.خ خوشکەکان لەگەل باپیر دەبن بە عصبە للذكر مثل حظ الانثيين بەمەرجی بەشی باپیر لە شەش یەك کەمتر نەکات بەو مقاسەمە .

مەسئەلەی پینجەم:- هەبونی کچ یان کچی کور لە مەسئەلەدا:

بەلای ئیمامی عەلی و عبداللە کوری مەسعود ر.خ باپیر خاوەن بەشە کە شەش یەکە و نابی بە عصبە و کچ یان کچی کور بەشی خۆی دەبات و بەشی باپیر لە شەش یەك کەمتر نابی .

بە لای زەید ر.خ باپیر لەم حالەتە عەصەبەیە نەوەك خاوەن بەش و کچ یان کچی کور بەشی دیاری کراوی خۆی دەبات . و ماوە بە مقاسمە للذكر مثل حظ الانثيين تەنها لەمەسەلەی ئەکدەریە حوکم دەگۆری پاش کۆکردنەوەی بەشی خوشك وباپیر دەکەن بە مقاسمە للذكر مثل حظ الانثيين .

مەسئەلەی شەشەم: بەباشتر دانانی بەشی دایك لەسەر بەشی باپیر :-

لەلای ئیمامی عەلی و زەید ر.خ دروستە بەشی داك زیاتر بی لە بەشی باپیر لە غراوین – عمريتين –

بەلای عبداللە کوری مسعود ر.خ حوکمی باپیر حوکمی بابە بەهەمان شیوە داك سێیەکی ماوەی دوای ژن و میرد دەبات .

واللە تعالى اعلم بالصواب تەواو بوو لە رۆژی پێنجشەممە بەرواری ٢٩ شعبانی ١٤٣٨ بەرامبەر ٢٥-٥-٢٠١٧ لە سەرمەیدانی شەقلاوە وصلى اللە على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه اجمعين والحمد للە رب العالمين ....

